## پەیوەندی حکومەت و پارتە سـ



ناخۆشترین و قورسترین شیکاری سیاسی، ئەو شیکارە سیاسیانەیە کە بۆ شرۆڤەی بارودۆخی سیاسیی هەر وڵاتێک لە قۆناخی ئینتیقالیدا دەکرێن

# ململانێی دیموکراتیان
# کێشەکان چارەسەر دەکات نەک

جوانترین سیمای سیستەمی دیموکراسی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان یان دابەشکردنی دەسەڵاتەکانە، بەپێی دابەشکردنە تەقلیدیەکان دابەشکردنی دەسەڵاتەکان بۆ دەسەڵاتی یاسادانان و دەسەڵاتی راپەراندن، دەسەڵاتی دادوەری، ئامانج لەم دابەشکردنەش بۆ ئەوەیە تێکرای دەسەڵاتەکان لەدەستی تاکەکەسدا کۆنەبێتەوە و دوو دەسەڵات لەناو دەوڵەتدا چاودێری ئەو دەسەڵاتە دەکەن کە دەستووری وڵات بە دەسەڵاتی راپەڕاندن یان حکومەتی داوە، لە پێناوی ئەوەی ئەو دەسەڵاتە بۆ بەرژەوەندی گشتی بە کاربهێنرێت نەك بەرژەوەندی تاکەکەس یان بەرژەوەندی دەستەبژێری حوکمڕان.
بە پێی ئەم دابەشکردنە تەقلیدیەی دەسەڵاتەکان، بێگومان سەرۆك وەزیران فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی دەوڵەتیشە، هەربۆیە یاساناسان لە پێناوی ئەوەی ئەم دەسەڵاتی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان بە خراپ بەکارنەهێنرێت و، بەبیانووی ئەوەی پاراستنی ئاسایشی وڵات لە مەترسیدایە خەرجیە سەربازییەکان ئاستەنگ بۆ خۆشگوزارانی هاوڵاتیان دروست نەکات، ئێستا پسپۆرانی یاسای دەستوری خەریکی ئەوەن ئەم دەسەڵاتەش لە سەرۆك وەزیران کەمبکرێتەوەو دەسەڵاتی خەرجیە مەدەنی و سەربازیەکانیش لێکجیابکەنەوە و، مەرجی حوکمڕانی سەرکەوتووش دەبەستنەوە بە مەرجی حکومرانی باشەوە.
لێرەوە ئەگەر ئەو پرسیارە بوروژێنین ئایا لە سیستەمە دیموکراتیەکاندا جیاکردنەوەیەکی دیکە هەیە پێی بڵێین جیاکردنەوەی حزب لە حکومەت؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە قورسە لەبەر ئەوەی کاتێك لە Google بەدوای ئەم جیاکردنەوەیە لە سیستەمە دیموکراتیەکاندا دەگەڕێیت، نموونەی سیستەمێکی دیموکراتیت دەست ناکەوێت ئەم شێوازی جیاکردنەوەی حزب لە حکومەت پیادەکردبێت، بەڵام نموونەی کۆماری چینی میللی هەیە، کە ئەویش هەوڵدانە بۆ جیاکردنەوەی

# ـیاسیەکان لە قۆناخی ئینتقالیدا



**کوردستان نە ئەو سیستەمە سیاسیەی ئێستای کۆماری سوریایە نە ئەو سیستەمە سیاسیانەی دەوڵەتانی بلۆکی ڕۆژهەڵاتی سەردەمانی شەری ساردیشە کە تەنها یەک حزب حاکم بێت**

# ـەی نێوان پارتە سیاسیەکان
# جیاکردنەوەی حزب لە حکومەت

حزبی شیوعی چینی لە حکومەت، بەڵام فرەحزبی بوونی نییە.

لێرەدا ئێمە دەبێت بە دواداچوونەکەمان بە دوو ئاراستەبێت:

یەکەم / یان دەبێت گریمانەی ئەوە بکەین کە لە هەرێمی کوردستان سیستەمێکی تۆلیتاری تاك حزبی هەیە، کە ئەمەش پێچەوانەی واقیعی کوردستانە.

دووەم / یان دەبێت دان بەو واقیعەدا بنێن کە لە هەرێمی کوردستان فرە حزبی هەیە، ئێستا ئێمە لە قۆناخی ئینتقالیداین، ئەمەی دووەمیان واقیعە، نەدەتوانین بڵێین سیستەمە سیاسیەکە کەموکوڕی نییە، نەدەشتوانین بڵێین پەیوەندی حزبە سیاسیەکانی کوردستان لەگەڵ دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان وەك پەیوەندی پارتە سیاسیەکامی ڕۆژئاوایە لەگەڵ دەوڵەتەکانیان.

ئێمە لەم راپۆرتە بەدواداچوون لەسەر دووەمیان دەکەین و وای دەبینین ئێمە ئێستا بە قۆناخی ئینتقالیدا تێدەپەڕین و کێشەکانیشمان دەرهاویشتەی ئەو قۆناخەن و دەبێت هەوڵدانیشمان بۆ چارسەرکردنی کەموکورتیەکان و ڕێکخستنەوەی ژیانی دامەزراوەییمان لە پێناوی تێپەراندنی ئەم قۆناخە بێت، نەك گەڕانەوە بۆ خاڵی سفر و چواندنی فرە حزبی و هەنگاو هەڵگرتن بۆ دیموکراسی بە سیستەمە تۆتالیتاریەکان بچوێنین.

## پێناسەی قۆناخی ئینتقالی و دەسنیشانکردنی کێشەکان

یەکێك لە ناخۆشترین و قورسترین شیکاری سیاسی، ئەو شیکارە سیاسیانەیە کە بۆ شرۆڤەی بارودۆخی سیاسیی هەر وڵاتێك لە قۆناخی ئینتیقالیدا دەکرێن، ئەمەش لەبەر ئەوەیە شیکارە سیاسیەکە مەرجدارە بەچەند مەرجێکی ناوخودی باردۆخە سیاسیەکە، هەربۆیە کاتێك دەکەوینە مشتومڕی ئەوەی چۆن پێناسەی ئەم قۆناخە بکەین و چۆن کێشە وکەموکورتیەکانی قۆناخی ئینتقالی چارەسەر بکەین؟

**کام لە ئەندامانی پارتە سییاسیەکانی کوردستان بە گشتی و دەستەبژێری سەرکردایەتی و فەرماندە سەربازییەکان هەوڵی نەداوە ئەو قۆناخە ئیستغلال بکات ؟ ئایا ئەوانەی کەلوپەل و پێداویستیەکانی خەڵکی کوردستانیان ئاودیوی کوردستان دەکرد، هیچیان بێ پاڵپشتی پارتە سیاسیەکان ئەو کارانەیان ئەنجامداوە یان پێیان کراوە**

هەندێك بەبێ ئەوەی باردۆخی راستەقینەی ئەو قۆناخە هەستیارە لەبەرچاو بگرێت، بەبێ ئەوەی زیاتر خۆی ماندوو کردبێت بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی زانستیانە و واقعیانەتر دەستنیشانی بارودۆخەکە و کێشەکانی ئەو قۆناخە هەستیارەی کۆمەڵگە بکات، گریمانەی شرۆڤەکانی لەسەر بارودۆخێك بونیاد دەنێت کە زۆر جیاوازە لەو بارودۆخەی ئێستا کۆمەڵگەی ئێمەی پیاتێدەپەڕێت، هەر بۆیە جارێك پارتە سیاسیەکانی کوردستان بە حزبی بەعسی سوری و جارێکی دیکە بەسیستەمی تاك حزبی دەوڵەتانی بلۆکی رۆژهەڵاتی سەردەمی شەڕی ساردی دەچوێنن، لە هەمانکاتدا هەموو ئەو رەخنانەشمان بۆ ریزدەکەنەوە کە سیاسەتمەدار و شرۆڤانە رۆژئاواییەکان لەسەردەمی شەڕی ساردا لە سیستەمی تاك حزبی دەوڵەتە سۆشیالیستیەکانیان گرتووە، هەر بۆیە دەبینین لەبری ئەوەی هەنگاو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان هەڵبگرین دەکەوینە هەڵەیەکی گەورەترەوە.

بێگومان ئەم حاڵەتە دروست بەو حاڵەتە دەچێت کە کەسێك پزیشك نەبێت یان پزیشکێکی نەشارەزا بێت و هەوڵبدات نەخۆشیەك دەستنیشان بکات، هەر بۆ نموونە لەوانەیە نەخۆشەکە نەخۆشی پاڵەپەستۆی خوێنی هەبێت ' بەڵام ئەو بە نەخۆشی شەکرە دەستنیشانی بکات، لەم حاڵەتەدا چارەسەری نەخۆشی شەکرەی بۆ دەنوسێت نەك دابەزاندنی پاڵەپەستۆی خوێن، بۆیە لەبری ئەوەی نەخۆشەکە لەسەردانی پزیشك سوودمەند بێت، دەبینن گیانی دەکەوێتە مەترسیەوە.

باردۆخی ئێستای کوردستانیش لە زۆر رووەوە لە حاڵەتی ئەو نەخۆشە دەچێت.، کە هەوڵنەدراوە بە دروستی نەخۆشیەکەی دەسنیشانبکرێت، هەربۆیە مەترسی ئەوەش هەیە ئەو چارەسەرەش بۆی دادەنرێت لەبری ئەوەی کەموکورتیەکانی پێ چارەسەر بکرێت، مەترسی ئەوەی لێدەکرێت کە سەلامەتی ئەزموونە دیموکراتیەکە بخاتە مەترسیەوە.

بارودۆخی ئێستای کوردستان نە ئەو سیستەمە سیاسیەی ئێستای کۆماری سوریایە نە ئەو سیستەمە سیاسیانەی دەوڵەتانی بلۆکی رۆژهەڵاتی سەردەمانی شەڕی ساردیشە کە تەنها یەك حزب حاکم بێت، بەڵام دەکرێت بڵێین بارودۆخی ئێستای هاوشێوەی بارودۆخی دەوڵەتانی دوای رووخانی یەکێتی سۆفیەت و هەڵوەشانەوەی بلۆکی سۆشیالیستیە،وەك بولگاریا، هەنگاریا، چیك، ئەستۆنیا،سلۆفاکیا،لاتیفیا، لیتوانیا پۆڵەندا، سلۆفینیا، یان بڵێین هەمان کێشەی دەوڵەتانی ئەمریکای لاتینیمان هەیە (بێجگە لە کوبا)

پرسیار لێرەدا ئەوەیە بۆچی دەتوانین بەم دەوڵەتانە بەراود بکەین بەڵام ناتوانین بە کۆماری سوریا یان کوبا و چینی ئێستا یان دەوڵەتانی بلۆکی رۆژهەڵاتی سەردەمی شەڕی سارد بەراوردی بکەین؟ وەڵامەکە ئاشکرایە لەبەر ئەوەی لەو وڵاتانە سیستەمی تاك حزبی هەیە، سیستەمی حکومرانی سیتسەمێکی دیکتاتۆری تاك حزبیە، ئابووری وڵات ئابووری مەرکەزیە، سیستەمە سیاسییەکە ئەم شێوازەی حکومڕانی بە شێوازێکی سەرکەوتوو دەزانێت و بەرگری لێدەکات و هەرچی بکەوێتە دەرەوەی ئەم بازنەیەش سیستەمە حکومڕانەکە بە دوژمنی سەروەریی دەوڵەت و دەستی دەرەکی دەزانێت، بەڵام لە قۆناخی ئینتقالیدا حزبە سیاسیەکان بەرگری لە گەرانەوە بۆ دیکتاتۆریەت و سیستەمی تۆتالیتاری ناکەن، هەروەها سیستەمی ئابووری بازاڕ و بازاڕی ئازاد بەهەڕەشە نازانن، بەپێچەوانەوە هەوڵەکانیان بۆ گۆڕینی ئابووری مەرکەزی و مۆنۆپۆڵی دەوڵەتە بۆ ئابووری بازاڕ و بازاڕی ئازاد، هەروەها گۆڕینی سیستەمی تاك حزبیە بۆ فرە حزبی و ململانێی هەڵبژاردنی دیموکراتیانەی دەستاودەستکردنی دەسەڵات، بەڵام خاڵی گرنگ کە دەبێت بە هۆشیاری مامەڵەی لەگەڵ بکەین ئەوەیە، ئایا لە قۆناخی ئینتقالیدا پارتە سیاسییەکان توانیویانە کۆمەڵگەیەکی دیموکراتی لەسەر بنەمای ئابووری بازاڕ و دامەزراوەیی دەوڵەتی دابمەزرێنن؟ لە وەڵامدا دەڵێین نەخێر نەیانتوانیوە، لەمەش زیاتر دەڵێین راستە ئێستا پارتە کۆمونیستە دەسەڵاتدارەکانی سەردەمانی شەڕی سارد ئێستا لەو وڵاتانە دەسەڵاتدار نین، بەڵام سیمای دەوڵەتی تۆتالیتاری و ئیستغلال بوونی ماوە، هۆکاری ئەمە چیە؟

**پسپۆران وشارەزایان کە توێژینەوە لەسەرئەم قۆناخە هەستیارە دەکەن، لەو خاڵەوە دەست پێدەکەن کە:**

١- هەموو ئەو پارتە سیاسیانەی دوای رووخانی سیستەمە تۆتالیتاریەکان، هاتوونە ناو جەماوەر بەڵێنی ئەوەیان بەجەماوەر داوە کە هەموو هەوڵیان بۆ سڕینەوەی ئاسەواری دیکتاتۆریەت دەبێت و جارێکی دیکە رێگە نادەن سیستەمی تاك حزبی لە وڵاتدا بوونی هەبێت، بەڵام کە دەستیان بە بونیادنانەوەی دامەزراوەکانی دەوڵەت کردووە بە جۆرێك کە ببێتە بنەما بۆ سیستەمێکی دیموکراتی ئەو راستیەیان فەرامۆشکردووە، لێرەدا دەتوانین ئەو راستیە بە روونی لە واقیعی کوردستاندا ببینین، لە دوای راپەڕینەکەی ساڵی ١٩٩١ و کشانەوەی دامودەزگاکانی دەوڵەتی عێراق لە کوردستان و دروست





بوونی بۆشایی ئیداری، بەرەی کوردستانی بۆ بونیادنانەوەی دامەزراوەکان، ڕێگەیەکی دروستی گرت، بەڵام پارتە سیاسیەکانی کوردستان (ئەو پارتانە ناڵێین کە لە ساڵی ١٩٩١ بوونیان نەبووە) هەموویان لە بونیادنانەوەی دامەزراوەکانی هەرێم ئەو ڕاستیەیان فەرامۆشکرد بەوەی پێویستە بەرژەوەندی گشتی لەبەرچاو بگیرێت، بەڵکو ئەوەی لەبەرچاو گیرا بەرژەوەندی حزبە سیاسییەکان بوو، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا دەتوانین بڵێین بڕیارەکەی بەرەی کوردستانی دامەزراوەکانی هەرێمی لەسەر بنەمای سیستەمێکی دیموکراتی بونیاد نەناوەتەوە؟، ئایا دەتوانین بڵێین میکانیزمی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی پیادەنەکردووە؟، ئایا دەتوانین بڵێین هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٩٢ وەك هەڵبژاردنی دەوڵەت دیکتاتۆر و سیستەمە شمولیەکان بووە هیچ ململانێکی دیموکراتیانەی نێوان پارتە سیاسیەکانی تێدا نەبووە؟ لە وەڵامی ئەم هەموو پرسیارە دەڵێین کە ئەم جیاوازیانە لەم پرۆسەیەدا هەبوون، کەواتە بۆچی بەرهەمەکەی لە ئاست ئەو جیاوازیانە نییە؟ لە وەڵامی ئەمەشیاندا دەڵێین بەداخەوە پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستانیش وەك سەرجەم پارتە سیاسییەکانی ئەو کۆمەڵگایانەی بەم قۆناخە ئینتقالیەدا تێپەڕبوون، ئیستغلالی ئەم بونیادناوەیان کردووە بۆ بەرژەوەندی پارتەکانیان نەك بۆ بەرژەوەندی گشتی، لەنێوان سەرجەم پارتە سیاسیەکانیشدا بۆ ئەم ئیستغلال کردنە خاڵی هاوبەش هەبووە کەبریتین لە:

٢- پاڵنەری هاوبەشی پارتە سیاسییەکان بۆ ئەوەی هەوڵبدەن سەرچاوەی دارایی سەربەخۆیان هەبێت.

٣- هەلی ڕەخساو بۆ هەموو پارتە سیاسیەکان هەڵکەوتووە، ئەو جا پارتی و یەکێتی دوو پارتی گەورە بوون بێگومان هەلی گەورەتریان بۆ هەڵکەوتووە.

٤- پارتەکان هۆکاری پێویستیان بۆ ئەو سوودمەندبوونە لەبەر دەست بووە.

لێرەدا ئەگەر نموونەی زیندوو بخەینە بەرچاو و بپرسین و بڵێین ئایا کام لە ئەندامانی پارتە سییاسیەکانی کوردستان بە گشتی و دەستەبژێری سەرکردایەتی و فەرمانده سەربازییەکان هەوڵی نەداوە ئەو قۆناخە ئیستغلال بکات؟ ئایا ئەوانەی کەلوپەل و پێداویستیەکانی خەڵکی کوردستانیان ئاودیوی کوردستان دەکرد، هیچیان بێ پاڵپشتی پارتە سیاسیەکان ئەو کارانەیان ئەنجامداوە یان پێیان کراوە، هەروەها لە بونیادنانەوەی دامەزراوەکانی کوردستان و هەوڵدان بۆ گۆڕینی ئابوری مەرکەزی بۆ بازاری ئازادیش دیسان پارتە سیاسیەکان ئەو وەرچەرخانەیان ئیستغلال کردووەو هەوڵیانداوە:

• مۆنۆپۆلی سیستەمی تۆتالیتاری و تاکحزبی بەسەر ئابوریەوە، بگۆڕن بۆ کەرتی تایبەت و ئابووری بازار، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا ئەم وەرچەرخانە لە پێناوی بەرژەوەندی گشتی بووە یان بۆ گۆڕینی مۆنۆپۆلی دەوڵەت بووە بۆ مۆنۆپۆلی کەسە سیاسییەکانی ناو پارتەکان بەمجۆرە:

١- کەرتی تایبەت بۆتە کەرتێکی سیاسی.

٢- مافی موڵکداریەتی تایبەت بۆتە مافی موڵکداریەتی سیاسییەکان.

٣- پارتە سیاسیەکان هەوڵیانداوە هەلە ڕەخساوەکان بەسەر ئەندامەکانی خۆیان دابەش بکەن، ئەمەش لەبری ئەوەی بازاڕ بەرەو ململانێی ئازاد و هەلی یەکسان لەبەردەمی هەموان ببات، بازاڕی ئازادی کردۆتە مۆنۆپۆلێکی سیاسیی و هەلە ڕەخساوەکانی کارکردنیش کەوتۆتە بەردەستی ئەندامانی پارتە سیاسیەکان.

• گرنگیدان بە دابینکردنی بودجەو خەرجیەکانی پارتە سیاسیەکان و ئەو پارتانەی لە دەسەڵاتدا بوون یان بەشداربوون لە دەسەڵاتدا، بەپێی قەوارەی خۆیان هەوڵیانداوە حکومەت و دامەزراوەکانی بۆ بەرژەوەندی حزبی بەکاربهێنن، سەرنج بدەن ئەگەر وەزارەتێك بەدەست پارتی یان یەکێتیەوە بوبێت، دەبینن ژمارەی ئەو فەرمانبەرانەی کە دادەمەزرێن ئەندامانی پارتی و یەکێتین، ئەگەر وەزارەتێك بەدەست پارتە ئیسلامیەکان یان حزبی شیوعیەوە بێت، دەبینن ڕێژەی فەرمانبەررانی سەر بەو حزبانە لە هەر وەزارەتێکی دیکە زیاترە.

• هەوڵدان بۆ لاوازکردنی دامەزراوەکانی چاودێری و پشکنین و پیادەکردنی سیستەمی مەزندەو گۆترە.

## ئەو فاکتەرانەی ئەم واقیعە دروست دەکەن

هۆکاری دروستبوونی باردۆخێکی لەو چەشنەی ئاماژەمان پێکرد لە قۆناخی ئینتقالیدا بە تەنها بە خواستی حزبێك دروست نابێت، ئەو زەمینەیە پێویستی بە زەمینەی هاوبەش و پاڵنەری هاوبەشی تێکڕای حزبە سیاسیەکان هەیە، ئەو ئیستغلالکردنەش ئەم زەمینە هاوبەشە دروستی دەکات جیاوازە لەو ئیستغلالکردنەی کە زەمینەی سیستەمی تۆتالیتاری دروستی دەکات، هەر بۆیە چارەسەری هەر یەك

ئەو پارتانەی لە دەسەڵاتدا بوون یان بەشداربوون لە دەسەڵاتدا، بەپێی قەوارەی خۆیان هەوڵیانداوە حکومەت ودامەزراوەکانی بۆ بەرژەوەندی حزبی بەکاربهێنن





لەم دوو ئیستغلالکردنە کە لە زۆر رووەوە لەیەکتری دەچن جیاواز دەبن، هەربۆ نموونە چارەسەرکردنی ئیستغلالی سەرچاوەکانی دەوڵەت لە سیستەمە تۆتالیتاریەکاندا تەنها یەك ڕێگەی لەبەردەمە کە دەبێت ئەو سیستەمە تۆتالیتاریە بگۆڕێت و سیستەمێکی فرەیی و دیموکراتی لەسەر بنەمای ئابووری بازاڕ دابمەزرێت، باشترین نموونە کۆماری چینی میللیە کە ئێستا لەگەڵ ئەوەی سزای گەندەڵیان گەیاندۆتە لە سێدارەدان و تائێستا چەندین بەرپرسی گەورەی حزبی شیوعی چینیش لەسەر گەندەڵی لە سێدارە دراون، بەڵام نەتوانراوە گەندەڵی بنەبڕبکرێت، هەروەها بانگێشتەکانی حکومەتی چینیش بۆ جیاکردنەوەی حزبی شیوعی چینیە لە حکومەت، بەڵام ئەم هەوڵانە ئاکامێکی ئەو تۆی نابێت، مادام لەبەردەم دەنگدەری چینیدا بێجگە لە حزبی شیوعی چینی ئەلتەرناتیفی دیکە نییە، ئەم حاڵەتە لە ئەمەریکاش هەر بەشێوەی چین دەبوو، ئەگەر ئۆپۆزسیونی بەهێز بوونی نەبوایە، هەروەك چۆن پارتی دیموکراتی وپارتی کۆماری گەورەترین هەڕەشە و گەورەترین هۆکاری چاکسازین بۆ یەکتری.

بۆئەوەی زیاتر دەست بخەینە سەر کێشەکان ئەو هۆکارانە بەکورتی دەخەینەڕوو، کە بوونە هۆکاری ئەوەی پارتە سیاسیەکانی کوردستان ئەو قۆناخە هەستیارە ئیستیغلال بکەن:

١- هەموو پارتە سیاسیەکانی کوردستان ئامانجی سەرەکیان لە دوای ساڵی ١٩٩١ەوە مانەوەی بەهێزی خۆیان بووە لە ناو پرۆسە سیاسیەکەدا، ئینجا ئەم هەوڵە زیاتر بە پارتی و یەکێتیەوە دیارە و بە حزبە بچووکەکانی دیکەی وەك شیوعی و زەحمەتکێشان وسۆسیالیست و پاشانیش ئەو حزبانەی کە دوای راپەڕین دروست بوون کەمتر دیارە، هۆکارەکەی ئەوەنییە، ئەوان ئەو خواستەیان نییە، بەڵکو هۆکارەکەی ئەوەیە هەر هێندە بواریان بۆ رەخساوە، ئەگەر نا زۆر حزبی سیاسیی ئێستاش ئامادەنییە سەرچاوەی دارایی خۆی ئاشکرا بکات، ئەگەر سەرچاوەکەشی دەرکی بێت.

٢- پارتە سیاسیەکانی کوردستان لە دوای راپەرینەوە تائێستا هیچیان لە خۆیان دڵنیانین لە هەڵبژاردن سەرکەوتوو دەبن، بە تایبەتی لە نێوان پارتی و یەکێتی ئەم دڵنیانەبوونە زیاتر رەنگیداوەتەوە، هەربۆیە بەردەوام ستراتیژی پارتە سیاسییەکان بۆ فراوبوونی بازنەی حزبی بۆ هەڵبژاردنەکان و بە سیاسی کردنی کۆمەڵگە بووە، دامەزراوەکانی دەوڵەتیش چەند بۆیان کرابێت خراوەتە خزمەتی ئەم ستراتیژەوە، هەربۆیە دەبینین وەزیرێکی یەکێتی یان پارتی بە ئەرکێکی حزبی سەرشانی خۆی دەزانێت، هەلی کار و دامەزراندن، یان کۆنتراتێك بداتە ئەندامی حزبەکەی خۆی نەك کەسێك کە لەدەرەوەی حزبەکەی خۆیەتی، ئەمە سەبارەت بە حزبە سیاسییەکانی دیکەش، بەڵام بێگومان هێندەی قەبارەی خۆیان.

٣- هەموو حزبەکانی کوردستان هەست دەکەن پێویستە سەرچاوەی دارایی تایبەت بە خۆیان هەبێت، بۆ ئەوەی بتوانن هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی پێ بەرێوەبەرن، زۆر پارتی بچووك لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا زیاد لە قەبارەی خۆی پارە سەرفدەکات و هەندێکیان وا خۆیان پیشان دەدەن کە لە رووی داراییەوە دەتوانن لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا ململانێی پارتی و یەکێتیش بکەن، بەتایبەتی بۆ دەنگ کرین و رازیکردنی خەڵك بۆ ئەوەی دەنگیان پێبدەن، ئێمە هەمووماندەزانیین ئەو بودجەیەی حکومەت بۆ حزبە سیاسیەکانی دابین دەکات، بەشی تەنها هەڵمەتی هەڵبژاردنی شارێکی بچکۆلە ناکات، یان ناتوانرێت تەنها راگەیاندنی حزبەکانی پێ بەرێوە بچێت، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا سەرچاوەی دابینکردنی ئەم خەرجیانە لە کوێوەیە؟

### چۆن لەگەڵ ئەم واقیعە مامەڵە دەکرێت

ئەمانەی ئاماژەمان پێکرد نە لە کۆماری سوریا نە لەدەوڵەتانی سیستەمی کۆمۆنیستی سەردەمانی شەری سارد بونیان نەبووە، کە دەڵێین بونیان نەبووە لەبەر ئەوە بووە فرە حزبی لەو کۆمەڵگایانە بوونی نەبووە.

کەواتەوە لێرەوە دەتوانین بڵێین گەورەترین کێشەی قۆناخی راگواستن (ئینتیقالی) و هەنگاوهەڵگرتن بەرەو بونیادی دیموکراسی بریتیە لە:

١- ئەو پارتانەی کە حکومرانی دەکەن ئەزموونی تەواویان بۆ بونیادی دیموکراسی نییە.

٢- ئەوانەش کە خۆیان وەك ئۆپۆزسیۆن یان ریفۆرمخواز پیشاندەدەن (کە بەداخەوە لە کوردستان ئۆپۆزسیون و ریفۆرمخوازی راستەقینە بونیان نیە) دیسان ئەزموونی تەواویان نییە بۆ ئەوەی چارەسەری گونجاو بۆ کێشەکان بخەنەڕوو.

لێرەدا ئەو راستییەی پێویستە بگوترێت ئەوەیە، هەوڵدانی ئێمە بۆ شرۆڤەی ئەو باردۆخە و وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی کە لە سیاقی ئەم شیکارەدا سەرهەڵدەدات، خۆی ناخزێنێتە ئەو چوارچێوەیەی کە بەرگری لە هەڵە و کەموکورتی تێکرای پارتە سیاسیەکان دەکەین، کە ئێمە بەو جۆرە دەبیبینین هەموویان لەم قۆناخە راگوزارەدا چۆن بەشداران لە بەدیهێنانی دەسکەوتەکان، بەهەمان شێوەش بەشدارن لە تێکرای ئەو کەموکورتیانەی کە ئەمڕۆ لە بونیادنانەوەی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستاندا بوونیان هەیە، لە هەمانکاتدا دژایەتی ئەو چەمك و بۆچوونانەش ناکات کە ئەلتەرناتیف بۆ چارەسەرکردنی ئەم باردۆخە دەخەنەڕوو، بەپێچەوانەوە هەوڵدانێکە بۆ دەوڵەمەندکردنی ئەو چەمك و بیربۆچونانە و وروژاندنی کۆمەڵێك پرسیار کە راستەو خۆ دەبنە دەرهاویشتەی ئەم واقیعەی کە هەموومان ئومێدمان ئەوەیە پشکداریمان هەبێت بۆ ئەوەی کێشەکان بە باشترین شێوە چارەسەر بکەین.

ئەو پرسیارانەی دەبنە دەروازەیەکی گرنگ بۆ چوونە ناو ئەم باسە هەستیارە ئەوەیە:

- ئایا پارتە سیاسیەکان لە حکومەت و دەسەڵات جیابکەینەوە یان پارت (واتە یەك پارت) لە حکومەت جیا بکەینەوە؟
- ئایا لە کوردستاندا فرەلایەنی بوونی هەیە یان تەنها یەك پارتی سیاسیی بونی هەیە و ئەو پارتەش پارتی دەسەڵاتدارە؟
- بۆچی لە کوردستان پەیرەوی بەشداری سیاسی هەمەلایەنەی سیاسیی و ئەتنی دەکرێت و بۆ بوار بۆ ئەوە نەبووە کە پرۆسەی دەستاودەستکردنی دەسەڵات لە میانەی ململانێکی سیاسیی توندی دیموکراتیانە راستەرێی خۆی بگرێت؟
- ئایا بۆچی پارتی و یەکێتی کە ٢ پارتە سەرەکیەکەی کوردستانن بۆ ئەم قۆناخە بەشکردنی دەسەڵات و هاوپەیمانی و رێککەوتنی ستراتیژی، بە چارەسەری مامناوەندی بۆ کێشەی دەسەڵات لە هەرێمی کوردستان و بەدەستهێنانی دەسکەوتە ستراتیژیەکانی گەلی کوردستان لە عێراقدا دەزانن،؟
- ئایا رێککەوتنی ستراتیژی نێوان پارتی ویەکێتی هێندە پارتی و یەکێتی لە ناویەکدا تواندۆتەوە بەو ئاستەی بەرنامەی پارتی رەنگدانەوەی بەرنامەی یەکێتی بێت یان بە پێچەوانەوە لە پرۆسەی حکومرانی، ئیدی پێویست بەوە نەبێت وەك دوو پارتی سیاسیی خاوەن دوو بەرنامەی جیاواز بۆ حکومرانی ململانێی یەکتری بکەن و هەریەکەیان بە نۆرە ٤ ساڵ حکومران بێت و پاشان ئەوی تر لەسەر هەمان بەرنامە حکومرانی وڵات بکات؟
- ئەو هۆکارانە چین کە بوونە هۆکاری ئەوەی پارتی و یەکێتی و تێکرای پارتە سیاسیەکانی کوردستان لە حکومرانی سودمەند بن؟
- بۆچی لە هەنگاو هەڵگرتنمان بۆ نەهێشتنی مۆنۆپۆڵی حکومەت

تائێستا چەندین بەرپرسی گەورەی حزبی شیوعی چینیش لەسەر گەندەڵی لە سێدارە دراون، بەڵام نەتوانراوە گەندەڵی بنەبڕبکرێت

یان دەوڵەت بەسەر ئابووریەوە و بە تایبەتکردنی کەرتە گشتیەکانی دەوڵەت، لە بەرژەوەندی گشتی نەشکاوەتەوەو زیاتر ئەم وەرچەرخانە لە مۆنۆپۆڵی دەوڵەتەوە بۆتە مۆنۆپۆڵی سیاسیەکان؟

• بۆچی وەك سەردەمی رژێمی پێشوو کە ئابوری مەرکەزی پیادە دەکرد و دەوڵەت سەرچاوەی ژیانی داهاتی تاکەس بوو، ئەمرۆش بە هەمان شێوە دامودەزگاکانی حکومەت سوپایەك فەرمانبەری بێکاری تێدایە، بۆچی ناتوانین ئەم سوپا بێکارە بکەینە هێزی بەرهەمهێنەر؟

• بۆچی رۆژ لە دوای رۆژ پارتە سیاسیەکان لە پارتە گەورەکانەوە تا بچوکترینیان هەموو هەوڵیان بۆ ئەوەیە بازنەی ئەندامیەتی پارتەکانیان لە ناو گشت چین وتوێژەکانی کۆمەڵدا فراوانتر بکەن؟

• بۆچی سەندیکا و رێکخراوە پیشەییەکان و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی وابەستەی حزبە سیاسییەکان بن، لەمەش گرنگتر بۆ ئێمەی رۆژنامەنوسان قبوڵ دەکەین ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنوسانی کوردستان لەسەر بنەمای دابەشکردنی حزبی بێت و ئێمەش بە چەپڵە رێزان پیرۆزباییان لێبکەین و پاشانیش ئەشەدوبیلای سەندیکایەکی پیشەگەری رۆژنامەوانی سەربەخۆیان بۆ بدەین؟

• چی بۆ ئافرەتان لە هەر حزبێکدا ناوێکیان هەیە (ژن،ئافرەت، خوشکان..هتد)؟

*بۆچی قوتابیان لەهەر حزبێکدا ناوێکیان هەیە (خوێندکار، قوتابی، فێرخواز..هتد)؟

* ئایا ئەمە ئیستغلال کردن نییە بۆ پاوانی کۆمەڵگە و بەسیاسیکردنی تێکڕای ژیانی کۆمەڵگە؟

چۆن وەڵامی ئەم پرسیارانە دەدەینەوەو چۆن کێشەکان چارەسەردەکەین؟

گەورەترین جیاوازی پارتەسیاسیەکانی دەوڵەتانی ئەورپای رۆژهەڵاتی دوای کۆمۆنیست و دەوڵەتانی تازە پێگەیشتووی ئەفریقیا و ئەمریکای لاتینی و ئاسیا، لەگەڵ پارتە سیاسییەکانی رۆژئاوا یان کۆمەڵگە لیبرال دیموکراتەکان، چۆنیەتی پەیوەندی ئەم پارتانەیە لەگەڵ دەوڵەتدا، لە وڵاتانی دیموکراتی رۆژئاوا یان لیبرال دیموکراتەکاندا، دامەزراوەکانی حکومەت و دامەزراوەی دادوەری سەربەخۆ گەرەنتی رێکخستنی پەیوەندی حزبە سیاسییەکانن لەگەڵ دەوڵەت یان لە پەیوەندیان لەگەڵ حکومەتدا.

بەڵام لە قۆناخی ئینتیقالی کە دامەزراوەکانی حکومەت و دەسەڵاتی دادوەری ناتوانن ئەو پەیوەندیە رێکبخەن، یان ناتوانن ببنە گەرەنتی بۆ رێکخستنی ئەو پەیوەندییانە، ئەوا خودی حزبە سیاسیەکان و کارلێکی حزبەکان لەگەڵ یەکتری بە تایبەتی ململانێی بەهێزی دیموکراتیانە لە نێوان پارتی دەسەڵاتدار یان هاوپەیمانی دەسەڵاتدار لەگەڵ پارتی ئۆپۆزسیون یان هاوپەیمانی ئۆپۆزسیونی بەهێز دەبنە هۆکارێك بۆ چارەسەری ئەو باردۆخە، ئەوەش لەبەر ئەوەیە ململانێی بەهێزی دیموکراتیانەی نێوان پارتی دەسەڵات و ئۆپۆزسیون دەبێتە هۆکاری:

١- دانانی سنوور بۆ پارت یان هاوپەیمانی حکومڕان بۆ ئەوەی سنورێك بۆ ئیستغلالکردنی دەوڵەت دابنێن.

٢- ئۆپۆزسیون ئەلتەرناتیڤ بۆ حکومڕانی دروست دەکات.

٣- رەخنە توندەکانی ئۆپۆزسیون هەڕەشەی دەستاودەستکردنی دەسەڵات دروست دەکات، ئەمەش دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە دامەزراوەکان بەرەو کامڵبوون بچن.

ئێستا لانی کەم لە رێگەی رێککەوتنی ستراتیژی پارتی ویەکێتیەوە خەریکە پرۆسەی دەستاودەستکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات دەبێتە مۆدیل لە کوردستان، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا پارتی و یەکێتی ئەو ئامادەباشیەیان تێدایە لە دەرەوەی پرۆسەی رێککەوتنی ستراتیژی و لیستی هاوبەش دەستاودەستی ئاشتیانەی دەسەڵات بکەن؟ بێگومان وەڵامی ئەم پرسیارە تائێستاش گەشبینی پێوە دیارنیە، لەبەر ئەوەی تائێستا هیچ لایەکیان ئەو ئامادەباشیەی بە فیعلی تەرجەمە نەکردووە و خولێکی دیکەی ئەو هاوپەیمانیەی بۆ دەستاودەستکردنی دەسەڵات دانراوە ماوە و بڕواناکەین بە بێ تەواو بوونی ئەو خولەش بیر لە ئەلتەرناتیڤی دیکە بکرێتەوە، بەڵام ئایا دەبێت کێشەکانیش وەك خۆیان بمێنەوە و چاوەڕێ بین هەتا ئەو خولەش کۆتایی پێدێت، یان رێگە چارەی دیکەیە بۆ ئەوەی بیر لە چارەسەری کێشەکان بکەینەوە؟ئایا تەنها رێگە جیاکردنەوەی حزبە بۆ نموونە ئێستا پارتی حکومەتی بەدەستەوەیە و سبەینێ یەکێتی حکومەتی بەدەستەوە دەبێت؟ یان ئێستاش حسابی ئەوە دەکرێت کە حکومەتی هاوبەشی ٥٠بە ٥٠ یەو دەبێت پارتی و یەکێتی لە حکومەت جیابکرێنەوە؟ گریمان حکومەتی ئێستا وەك حکومەتی پارتی و یەکێتی لە قەڵەمدرا و هەوڵدرا پارتی و یەکێتیش دەست لە کاروباری ئەو حکومەتە وەرنەدەن، بەڵام ئەگەر ئەم حکومەتە ئەوجا چ سەرۆکایەتی حکومەت بەدەست پارتیەوە بێت یان یەکێتی،لە جێبەجێکردنی بەرنامەکانی خۆیدا سەرکەوتوو نەبوو، هۆکارەکەشی شەخسی سەرۆك وەزیران بوو، ئایا چۆن سەرۆك وەزیران لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکرێت؟ چۆن متمانەی لێوەردەگیرێتەوە؟ ئایا ئەو ئەندامەی مەکتەبی سیاسیی پارتی یەکێتی یان ئەو ئەندامەی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی دەگۆڕێت بۆ یەکێکی دیکە، هەروەك چۆن لە بەغدا ئیبراهیم جەعفەری گۆڕدرا بە نوری مالیکی؟ئایا ئەم گۆڕانکارییە رووکەشە تاچەند کێشەکان چارەسەردەکات و بە هەڵواسراویی نایان هێڵیتەوە؟ئایا لە هیچ ئەزموونێکی دیموکراتی دیکە هەوڵدراوە کێشەکان بەمجۆرە چارەسەر بکرێن؟

وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە یان هەوڵدان بۆ گەران بە دوای وەڵامی ئەم پرسیارانە دەروازەیەکی فراوان بۆ دیالۆگێکی دیموکراتیانە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان والا دەکات، بەڵام ئایا ئێمە ئامادەباشیمان تێدایە سوود لە ئەزموونە دیموکراتیەکانی جیهان وەربگرین یان پێمان باشە بۆ خۆمان داهێنانێکی تازە پێشکەشی ئەزموونە دیموکراتیەکانی جیهان بکەین؟

## ئەزموونە دیموکراتیەکانی جیهان چۆن کێشەکانی خۆیان چارەسەرکردووە؟

لەوانەیە ئەو گوتەیە زۆر راست بێت کە دەڵیت: (دیموکراسیەت باشترین شێوازی حکومرانی نییە، بەڵام لە شێوازی حکومرانیەکانی دیکە باشترە) لەو بۆچونەوە ئەگەر سەیری کێشەکانی نێو سیستەمە دیموکراتیەکانی جیهان بکەین و هەروەها سەیری ئەو هەڵسەنگاندنە بکەین کە دەوڵەتانی ئەمریکا ورۆژئاوا و رێکخراوەنێودەوڵەتیەکان بۆ ئاستی بەرەو پێشەوە چوونی دیموکراتی لە جیهاندا دەیکەن. دەبینن هەڵسەنگاندنەکان تا رادەیەکی زۆر دوو پێوانەییە، ئەگەر دەوڵەتەکە دژی رۆژئاوا بێت بۆ نمونە وەك فەنزویلا و پۆلیفیا وروسیا ئەوا رەخنەکانی رۆژئاوا زبرن و زیاتریش لە میدیاکاندا رەنگدانەوەی دەبێت، بەڵام ئەگەر ئەو دەوڵەتانە هاوپەیمانی رۆژئاوا بن وەك عێراق وئەسیوبیا وپاکستان دەبینین رەخنەکان نەرمترن و کەمتریش لە راگەیاندنەکاندا رەنگدانەوەی دەبێت.هەربۆیە ئەو ئامارانەی رۆژئاوا بۆ هەڵسەنگاندنی دیموکراسی پێرەوی لێدەکەن تارادەیەکی زۆر مۆرکی دوو پێوانەی پێوە دیارە و ئەو بانگێشانەشی بۆ بەرەو پێشەوە چوونی دیموکراتی دەخرێنە روو، لە بنەرەتدا پاشەکشەی دیموکراتیە.

بێگومان ئەم حاڵەتە بەتەنها کێشەی وڵاتی ئێمە نییە، بە ڵکو کێشەی زۆربەی ئەو دەوڵەتانەی جیهانیشە کە دەکەونە بازنەی شەپۆلی سێیەمی دیموکراسی، واتە ئەو پرۆسە دیموکراتیانەی لە دوای رووخانی دیواری

●●●

**ئەو بودجەیەی حکومەت بۆ حزبە سیاسیەکانی دابین دەکات، بەشی تەنها هەڵمەتی هەڵبژاردنی شارێکی بچکۆلە ناکات، ئایا سەرچاوەی دابینکردنی ئەم خەرجیانە لە کوێوە یە؟**

●●●

بەرلین و هەڵوەشانەوەی بلۆکی رۆژهەڵات دەستیان پێکردووە.
پرۆفیسۆر لاری دایمۆند لە دیراسەتێکیدا بەناونیشانی (پاشەکشەیدیموکراتی و دروستبوونەوەی دەوڵەتی دڕندە) کە لە ژمارەی مارت ونیسانی ٢٠٠٨ی گۆڤاری فۆرین ئەفێرز بڵاوکراوەتەوە، ئاماژە بەوە دەکات (دوای دەیان ساڵ لە دەسکەوتی مێژوویی، ئێستا جیهان بەرەو دیموکراسیەتێکی چەقبەستوو هەنگاو هەڵدەگرێت...دەوڵەتی دڕندە زیاتر سەرهەڵدەدەن، ئەمەش پێچەوانەی پەرەپێدان و حکومرانی باش و لێپرسنەوە و یارمەتیە مەرجدارەکانی رۆژئاوایە).
کەواتە لاری دایمۆند رێنمایمان دەکات دوای چارەسەری دوو حاڵەت بکەوین:
١- چۆن حاڵەتی چەقبستووی پرۆسەی دیموکراسی بخەینەوە سەر رەوڕەوەی خۆی.
٢- چۆن رێگە لەوە بگرین دەسەڵاتی سیاسیی نەبێتە دەسەڵاتێك کە بەرژەوەندی گشتی بخاتە ژێر بەرژەوەندی دەستەبژێری حکومرانەوە.
یان بە دیوێکی دیکەدا ئایا ئەم کێشانە کێشەی ناو کۆمەڵگەیەکی دیموکراتین، یان کێشەی ناو دەوڵەتێکی تۆتالیتارین و تەنها یەك حزب حاکمە و سەرۆکی حزبەکەش بە هێزترین کەسی دەوڵەتە؟.
دایمۆند ئەم کێشانە وەك کێشەی ناو ئەزموونە دیموکراتیەکانی جیهان دەخاتە روو، بەتایبەتی ئەزموونی دیموکراتیە تازەکان، یان ئەوانەی لە دوای هەڵوەشانەوەی کۆمۆنیست دەستیان پێکردووە.
بۆ ئەمەش ئاماژە بەوە دەکات کە پێش کۆتایی هاتنی سەدەی بیستەم ئامارەکان بەوشێوەی بوون کە ٦٠٪ دەوڵەتانی سەربەخۆی جیهان دەوڵەتی دیمواکرتی بوون،ئەوانەی لەسەر ئەم ئامارە گەشەسەندنی دیموکراتی پێوانە دەکەن، پرۆسە دیموکراتییەکانی مەکسیك و ئەندەنوسیا و جۆرجیا و ئۆکرانیا بە مەد و جەزری گەشەسەندنی دیموکراتی پێناسە دەکەن و کشانەوەی ئاشتیانەی هێزەکانی سوریا لەلوبنان و هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٥ ی عێراق بە مژدەی سەرکەوتنی دیموکراسی لە قەڵەم دەدەن، بەڵام ئەوانەی بە دیدێکی واقیعانە توێژینەوە لەسەر ئەم ئامارە دەکەن، پێیان وایە هێشتا زووە ئاهەنگ بۆ سەرکەوتنی دیموکراسیەت بگێرێت. بۆچی؟ لەبەر ئەوەی وێڕای ئەوەی باهۆزی دیموکراتی بەشێکی زۆری جیهانی گرتۆتەوە، بەڵام بەشێکی زۆر لەو دیموکراتیانە وەك (نەیجیریا، تایلەند، روسیا، بەنگلادیش تایلەند) بەرەو پوکانەوە دەچن،. هەندێکی دیکە کە رۆژئاوا بە چیرۆکی سەرکەوتنی دیموکراتی لەقەڵەمدەدا وەك دیموکراتیەکانی (چیلی، غانا، پۆڵەندا، باشوری ئەفریقیا) دەبینن گرفتی گەورەیان هەیە لە نێوان حکومەت و هاوڵاتیاندا بۆشایەکی گەورەو ترسناك هەیە، لە باشوری ئاسیاش وێڕای ئەوەی ئاماژەیەکی باش بۆ دیموکراسیەتی هیندستان دەکرێت، ئێستا ئەم دیموکراتیەتیەش لە ژێر هەڕەشەدایە لەبەر ئەوەی بێجگە لەوەی بە دەوڵەتی نادیموکراتی دەورەدراوە خەریکە دەستی تیرۆر سەقامگیری وڵاتەکەش دەشێوێنێت،لە جیهانی عەرەبیشدا هەموو پرۆسە دیموکراتیەکان بێجگە لە مەغریب، هەمووی تێکشکاوە،. لە عێراق بە هۆی تیرۆریزم و توندوتیژی سیاسەتی مەزهەبی و ئاینی، لە لوبنان بەهۆی دابەشبوونی ناوخۆیی و دەستێوەردانی دەرەکی، لە میسر بە هۆی ئەوەی سیستەمێکی تۆتالیتار حکومرانی دەکات، هەندێکی دیکە بە هۆی دەسەڵاتی میرەکانەوە وەك بەحرێن.
ئەم کێشانە پێمان دەڵێت دیموکراسیەت پێویستی بە رەگ داکوتانە، پرۆسەی دیموکراسی هەر ئەوەنیە چەند سندوقێك دابنرێت بۆ دەنگدان و ئەوەی زۆرینەی بەدەست هێنا حکومەت دابمەزرێنێت. دیموکراتیەتی سەرکەتوو پێویستی بەوەیە:
١- دەبێت حکومەت بتوانێت ئەوە بۆ هاوڵاتیان بسەلمێنێت کە لە توانایدا هەیە کێشەکان چارەسەر بکات،.
٢- دەبێت لەئاستی چاوەڕوانی هاوڵاتیاندا بێت بۆ دابینکردنی ئازادییە کان، گۆڕین بەرەو ژیانێکی باشتر، بونیادی کۆمەڵگەیەکی عادیلانە.
کەواتە دەبێت هەڵسەنگاندنی ئێمەش لەسەر ئەم دووبنەمایە بێت و بپرسین ئایا حکومەتی ئێستای هەرێمی کوردستان بەم ئاراستەیە هەوڵی داوە، ئایا هاوڵاتیان لە هەوڵەکانی حکومەت ئاگادارن بەوەی حکومەت هەوڵی بەردەوامی هەیە بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەو چارەسەرکردنی کێشەکان و باشترکردنی ژیانی خەڵك؟ ئەوانەی لە نزیکەوە چاودێری کاروبارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن، واقعیانە ئاماژە بە دوو راستی گرنگ دەکەن:
١- کێشەکانی نێو حکومەتی هەرێمی کوردستان کێشەی کەڵەکەبووی دەیان ساڵ کاولکاری و سیاسەتی رژێمە داگیرکارەکانە، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بونیادنانەوەی دامەزراوەکانی خۆیدا هەم کەرەستەی نوێی بەکارهێناوە، واتە هەندێك هەنگاوی جیاوازی هەڵگرتووە کە پێشتر لەسیستەمی ئیداری عێراقدا نەبووە، هەمیش

**دامودەزگاکانی حکومەت سوپایەک فەرمانبەری بێکاری تێدایە، بۆچی ناتوانین ئەم سوپا بێکارە بکەینە هێزی بەرهەمهێنەر؟**





ســوودی لە هەندێك كەرەستەی كۆنی سیســتەمی پێشوو وەرگرتووە، لەوانە:

- یاسای كاری مەدەنی
- نەبوونی باج
- حكومــەت ســەرچاوەی بژێــوی خەڵكە و بەم هۆیــەوە زۆربەی زۆری هاوڵاتیانی كوردســتانی كردووە بە فەرمانبەر و موچە خۆری حكومەت.
- حكومەت نەیتوانیوە رێگە لەوە بگرێت كە كەرتی تایبەت بەسیاسیی نەكرێت، ململانێی بازاڕ ئازاد بێت.

٢- هەوڵەكانی حكومەت بۆ كەمكردنەوەی گەندەڵی لەئاستی كێشەكان نەبووە، هەربۆیە گەشەســەندنی ئابوری رەنگدانەوەی بەرچاوی نەبووە لەســەر ژیانی كۆمەڵگە، هەروەها نەیتوانیــوە جیاوازی نێوان داهاتی تاكەكەس كەمبكاتەوە، بۆیە ئەگەر هەوڵەكانی خۆی بەم ئاراســتەیە چڕتر نەكاتەوە ئــەوە ورده ورده خەڵك متمانەی بە دیموكراســی كەم دەبێتەوە.

ئەو حكومەتانەی نەیتوانیوە هاوســەنگی لە نێوان ئاستی هەوڵەكانی بۆ دژایەتی گەندەڵی و نادادپەروەری كۆمەڵگە و باشتركردنی ژیانی خەڵك و رەنگدانەوەی گەشەی ئابوری بخاتە گەڕ ورده ورده هاوڵاتیان متمانەی خۆیان بە سیستەمە دیموكراتیەكە كەمكردۆتەوە، دەربارەی ئەم مەسەلە گرنگە دەبین لە وڵاتی فلیپین لەماوەی ساڵی ٢٠٠١ -٢٠٠٥ رێژەی ئەوانەی پێیانوابووە دیموكراتیەت باشــترین شێوازی حكومرانیە لە ٦٤٪ دابەزیووە بۆ ٥١٪،ئەوانەی لە سیستەمە دیموكراتیەكە رازیبوون لــە رێژەی لە ٥٤٪ەوە دابەزیوە بۆ رێژەی ٣٩٪، هەورەها ئەوانەی كە دژی گەڕانــەوەی رژێمی توتالیتاریی بوون لــە رێژەی لە ٧٠٪ وە دابەزیوە بۆ ٥٩٪، لەسەر ئاســتی ئەفریقیاش مەترسیەكان بەو جۆرەن هەر بۆ نموونە لە نەیجیریا لەماوەی ٢٠٠٢-٢٠٠٥ ئەوانەی متمانەیان بە هەوڵەكانی حكومەت هەبووە بۆ بنبڕكردنی گەندەڵی لە رێژەی ٦٤٪ ەوە دابەزیوە بۆ رێژەی لە ٣٦٪، ئەمانە ئاماری باش نیین بۆ پرۆســە دیموكراتیەكانی جیهان، بەڵام حكومەتی باش ئەو حكومەتەیە هەوڵبدلت ســوود لەو ئەزموونانە وەربگرێت و هەوڵبدات كێشەكان چارەسەر بكات بۆ ئەوەی رێگە لە دابەزینی متمانەی هاوڵاتیان بگرێت بۆ بڕیارەكانی حكومەت، پێدەچێت حكومەتی هەرێمی كوردســتان بیەوێت ســوود لەو ئەزمونانە وەربگرێــت، بەتایبەتی كەبەم دواییە چەندین هەنگاوی گرنگی هەڵگرتووە لەوانە:

١- پێكهێنانی لیژنەیەك لەســەر ئاســتی حكومەتی كوردســتان بۆ دیراســەتی چۆنیەتی كومكردنــەوی دیاردەی گەندەڵــی و دانانی بەرنامەیەك بۆ مامەڵەكردن لەگەڵ ئەم كێشــەیە و پاشــانیش لەبەر رۆشنایی راپۆرتی لیژنەی ناوبراو كە دیراسەتی حاڵەتەكانی گەندەڵی كــردووە و چەندین لیژنــەی دیكەی پێكهێناوە بۆ بــە دواداچوون و كۆكردنەوی زیانیاری و بۆ ئەوەی قەبارەی گەندەڵی بزانێت.

٢- گرێدانی گرێبەست لەگەڵ چەند كۆمپانیایەكی بیانی بۆ باشكردنی دامەزراوەكانــی حكومەت و بە سیســتیماتیكردنی دامودوزگاكان و چۆنیەتــی رێگرتن لــە دیاردەی رۆتین و گەندەڵی و باشــتر كردنی ئەدای دامەزراوەكان وباشــتركردنی خزمەتگوزاریەكان و بەرزكردنەوەی توانا مرۆییەكان.

بــەڵام بەدەرنەكەوتنی ئەم هەوڵانە و ئــاگادار نەبوونی هاوڵاتیان وەك پێویســت لەم هەوڵانە هۆكاری سەرەكی دەركەوتنی نارەزایی و خستنە رووی چارەســەری لابەلایە، بۆیە لێرەدا بە پێویســتی دەزانین لەسەر چۆنیەتی چارەسەركردنی ئەم جۆرە كێشانە لەئەزموونە دیموكراتیەكانی جیهاندا رابوەستین.

## مەترسیەكانی گەندەڵی و ئیستغلالكردنی دامەزراوەكانی دەوڵەت

پسپۆران و چاودێرانی ئەزموونە دیموكراتیەكانی جیهان مەترسی گەندەڵی و ئیستغلالكردنی دامەزراوەكانی دەوڵەت لەوەدا دەبینن، ئەگەر ئەم حاڵەتە چارەسەر نەكرێت، ئەوا دەوڵەت لە دیموكراتیەوە دەگۆڕێت بۆ دەوڵەتێكــی درندە،كە دەوڵەتیش بووە دەوڵەتی درندە ئەوا لە بری بەرهەمهێنانی كۆمەڵگەی مەدەنی، كۆمەڵگەیەكی درندە بەرهەمدینێت، هۆكاری ئەمەش دەگێڕنەوە بۆ ئەوەی:

- لەبەر ئەوەی هاوڵاتیان لەوە نائومێد دەبن بە رێگەی شەرعی و داهێنان و توانای خۆیان دەوڵەمەندبن، پەنا دەبەنە بەر رێگەی دیكە بۆ ئەوەی بگەنە پۆست و پلەو پایە بۆ ئەوەی دەوڵەمەندبن.
- لەبری ئەوەی رێز لەسەروەری یاسا بگرن یاساكان پێشێل دەكەن یان خۆیان لە جێبەجێكردنی یاساكان دەدزنەوە.
- بەرپرســە سیاســیەكان لە كۆمەڵگەیەكی لەو جۆرەدا هەموو رێگەیەكی ناشەرعی دەگرنە بەر و هەموو یاسایەك پێشێلدەكەن لە پێناوی مانەوەیان لە پۆستەكانیان و دەوڵەمەند بوونی زیاتریان.

●●●
**حكومەت نەیتوانیوە رێگە لەوەبگرێت كە كەرتی تایبەت بەسیاسیی نەكرێت، ململانێی بازار ئازاد بێت**
●●●






**ئێستا لە کوردستان شێوازی حکومڕانی شێوازێکی دیموکراتیانەی هاوپەیمانیە و تێکڕای پارتە سیاسیەکان لە حکومڕانی بەشدارن، بۆیە یان دەبێت پابەند بین بەم شێوازە و تێکڕای حزبە سیاسیەکان بەشداربن بۆ گەیشتن بە چارەسەرێک و هاوکاری حکومەت بکەن بۆ ئەوەی کێشەکانی چارەسەر بکات، یان دەبێت واز لە شێوازە هاوپەیمانیە بێنین و پرۆسەی دیموکراتیەکە بگۆڕین بۆ پرۆسەی حزبی حاکم و ئۆپۆزسیۆن**





• هەوڵــدەدەن هەڵبژاردنەکان تەزویــر بکەن ئەمەش لەرێگە دانی بەرتیل بە بەرپرسانی پرۆسەی هەڵبژاردن.
• هەوڵــدەدەن ئەو خەتەی پۆلیس وتاوانبــار لێکجیادەکاتەوە زۆر تەنك بێت، واتە پۆلیس لەبری ئەوەی خۆی تاوانبار دەستگیربکات خۆی دەبێتە تاوانبار.
• لەم جۆرە کۆمەڵگایانە دادگا بڕیارەکانی بە یاسا دەرناکات.
• پۆلیســی گومرگ ئەو شتومەکانە ناپشــکنێت کە دینە ناو وڵاتەوە.
• بانکــەکان وەبەرهێنان ناکەن، لەبەر ئــەوەی هیچ گرنتیەك بۆ گێڕانەوەی قەرزەکان بوونی نابێت.
• کارگەکان بەرهەم ناهێن، لەبەر ئەوە دەســتی کار بیر لە کاری دیکــە دەکاتەوە ئــەو کارەی بە ماوەیەکی کــورت دەوڵەمەندی دەکات.

## سیماکانی کۆمەڵگەی دیموکراسی

پێشتر ئاماژەمان بە مەترسیەکانی دەسەڵاتی خراپ و کۆمەڵگەی نادیموکراتــی کرد بۆیە لێرەدا ئاماژە بە ســیماکانی کۆمەڵگەی دیموکراســی دەدەین، لەبەر ئەوەی بەردەوامبوونی دیموکراسی و پەرەپێدان پیویستی پێیەتی و ئەو سیمایانەش بریتین لە:
١- لە کۆمەڵگــەی دیموکراتیدا چالاکیەکانــی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەبێتە دروســتبونی پردێك لە ناو هاوڵاتیان و متمانە بەیەکتری دەدەن بۆ ئەوەی بە شــێوەیەکی هاوســەنگ بەشداری لە پرۆسیاسیەکەدا بکەن
٢- دامەزراوەکانی دەوڵەت بە پێی یاسا کاری خۆیان دەکەن و سەر لە نوێ ڕەفتاری هاوڵاتیان پێناسە دەکەنەوە.
٣- لە کۆمەڵگەی دیموکراتیدا هاوڵاتیان بێجگە لە ملکەچبوونیان بۆ یاســا بە پێوەرە ئەخلاقیەکانیش ڕەفتــار دەکەن، خەڵك کاتێك هەوڵەکانــی دەخاتە خزمەتی بەرژەوەندی گشــتیەوە مەبەســت ئەوە نییە خۆی ئەو خواســتەی هەیــە، بەرامبەر چاودروانی ئەو هەڵوێستەی لێدەکەن، هەر بۆیە پرانسیپە ئەخلاقیەکانی کۆمەڵگە فەرزی کردووە، ئەگەر بەئاراســتەی بەرژەوەندی گشتی هەنگاو هەڵنەگرێــت ئەوا لەلایــەن کۆمەڵگەوە بە چاوی ڕێزەوە ســەیر ناکرێت.

## چۆن دەتوانین ڕێگربین لەبەردەم هەوڵە خراپەکان و هەنگاو بۆ کۆمەڵگەی دیموکراسی هەڵبگرین

کۆمەڵگــە بڕیاری دیکتاتۆریانە قبوڵناکات، ئەمە گرنگترین جیاوازی نیوان سیســتەمە دیموکراتیەکان و ڕژێمــە تۆتالیتاریەکانە، لە ڕژێمی تۆتالیتاریدا دەشێت هەندیك ڕێوشوێن بەبێ ئەوەی هاوڵاتیان متمانەیان پێــی هەبێت بســەپێنرێت، بەڵام لە کۆمەڵگــە دیموکراتیەکاندا دەبێت هەڵبژێــرێت هاوڵاتیــان متمانەیان بــە بڕیارەکەت هەبێــت بۆ ئەوەی گۆڕانەکە سەرکەوتوو بێت، ئەمەش پیویستی بەوەیە:
١- پێویســتە کۆمەڵگە لــە کۆمەڵگەیەکی داخــراوەوە بگۆڕێت بۆ کۆمەڵگەیەکی کراوە.
٢- پێویستە لەو کۆمەڵگە کراوەیەدا خەڵك هێندە هۆشیار بێت بۆ ئەوەی بە یاسا بەرپرچی ڕەفتارە دڕندەکانی بەرپرسانیان بدەنەوە.
٣- دەبێت ئەوانــەی خۆیان بە خەمخۆری دیموکراتی دەزانن لەســەر ئاستی ناوخۆ وەدەرەوە لەسروشــتی کێشەکان تێبگەن ئینجا چارەسەری بۆ بدۆزنەوە.
٤- دەبێت پردی پەیوەندی نێوان هاووڵاتییان لەسەر ئاستی دابەشبوونی سیاســیی و وەفاداری بۆ حزب بەرزبکرێتەوە بۆ بۆ ئاستی وەفاداریان بۆ نیشتمان، ئەمەش لە پێناوی ئەوەی بتوانن تەحدای دەسەڵات بکەن.
بێگومان دروستکردنی ئەم پردەش پێویستی بە:
• ڕێکخراوە هەمە جۆرەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی.
• میدیایی ئازاد و سەربەخۆ.
• سەنتەرەکانی لێکۆڵینەوە(Think Tanks).
• بەرزکردنەوەی هۆشیاری هاوڵاتیان و بایەخدان بە بەرژەوەندی گشتی وەك یەکێك لە بنەما ئەخلاقیەکان.
• هاندانــی حکومــەت بۆ حکومڕانــی باش و پشــتگیرکردنی ئەو هەنگاوانەی حکومەت کە بەرەو حکومڕانی باش هەڵیاندەگرێت.
• ڕیسواکردنی سیاسیەتی مەحسوبییەت و خزم خزمێنە.

## لێپرسینەوەی حکومەت لەسەر ئاستی ئاسۆیی و ستوونی

ئەو هەنگاوانەی ئاماژەمان پێکردن زەمینەیەکی لەبار دەرەخســێنن بۆ ئەوەی بەردەوام چکســازی لە ناو حکومەت بکرێت ولەســەر ئاستی ئاسۆی و ستوونی لێپرسینەوە لەگەڵ حکومەت بکرێت:





یەکەم:لێپرسینەوە لەسەر ئاستی ستوونی

ئەم لێپرسینەوەیە کەسیی یەکەمی حکومەت دەگرێتەوە کە سەرۆك وەزیرانە ئەمیش وەك پسپۆران ئاماژەیان پێکردووە بەچەند شێوازێکە:

١- ئەگەر لە قۆناخی ئینتقالیدا بین و دامەزراوەکان گەرەنتی ئەوەیان نەبێت کە بتوانن ئەو لێپرسینەوەیە ئەنجامبدەن، دەبێت بە ئەنجامدانی پێشوەختی هەڵبژاردن موحاسەبە بکرێت، بەڵام زەمینە بۆ هەڵبژاردنێکی پاك و عادیلانە ریکبخرێت، بۆ ئێستای حکومەتی هەرێمی کوردستان کە حکومەتێکی هاوبەشە، ئەگەر وەك هەندێك دەڵێن کێشەکان گەیشتونە ئەو ئاستەی کە جیاکردنەوەی حزب لە حکومەت نەبێت چارەسەر ناکرێت، ئەوا پسپۆرانی دیمرکراتی رای پێچەوانەیان هەیە و پێیان وایە لەم قۆناخە حزبە سیاسییەکان ئەم کێشەیە چارەسەر دەکەن وچارەسەرەکەش ئەنجامدانی هەڵبژاردن و ململانێی دیموکراتیانەی نێوان پارتە سەرەکییەکان دەبێت.

٢- لەو وڵاتانەی کە دامەزراوەکانیان گەرەنتی ئەوەیان هەیە بەوەی دەتوانن لەم لێپرسینەوەیە سەرکەوتوو بن، ئەوا پەرلەمان دانیشتنی گوێگرتن بۆ سەرۆکی حکومەت رێکدەخات و دەبێت سەرۆکی حکومەت باسی کێشەکان بۆ پەرلەمان بکات و وەڵامی پەرلەمانتارانیش بداتەوە.

**دووەم: لێپرسینەوە لەسەر ئاستی ئاسۆیی**

ئەم جۆرە لیپرسینەوەیە پێویستیەکی بەردەوامی ناو دامودەزگاکانی حکومەتە و هۆکارێکە بۆ ئەوەی حکومەت نەگاتە ئەو ئاستەی کە وەك حکومەت لەبەردەمی پەرلەماندا لیپرسینەوەی لەگەڵدا بکرێت یان متمانەی لێوەربگیرێتەوە.

- ئەم جۆرە لێپرسینەوەیەش دەزگایەك لە ناو حکومەت پێی هەڵدەستێت، کە زیاتر لە وڵاتی خۆمان بە لیژنەی نەزاهە یان چاودێری ناسراوە، بەڵام دەبێت ئەم لیژنەیە دەسەڵاتێکی ئەوتۆی پێدرابیت کە ئەو توانایەی هەبێت چاودێری رەفتاری هاوپیشەکانی خۆی بکات.
- ئەم لیژنەیە ئەگەر ئامانجی قەلاچۆکردنی گەندەڵی بێت، دەبێت زۆر گرنگی پێبدرێت و دەبێت ئەم لیژنەیە ئەو دەسەڵاتەی بۆ فەراهەم بکرێت کە بتوانێت هەموجۆرە زانیایەکی دەست بکەوێت یان ئەو ئەوراقانەی مەبەستێتی سەیریان بکات.
- دەبێت ئەم لیژنەیە توانای ئەوەی هەبێت سزای مەدەنی دەربکات، یان تۆمەتباران رووبەڕووی دادگا بکاتەوە.

**ڕێگەچارەکان بۆ ئێستا**

ئەم بە دواچوونە دەمانگەیەنێتە ئەو دەرەنجامەی کەبڵێین:

١- چارەسەری کێشەکانی ناو کۆمەڵگە دیموکراتیەکان پێویستیان بە دەسنیشانی وردی بارودۆخەکە هەیە.

٢- ئێستا لە کوردستان شێوازی حکومرانی شێوازێکی دیموکراتیانەی هاوپەیمانیە و تێکڕای پارتە سیاسیەکان لە حکومڕانی بەشدارن، بۆیە یان دەبێت پابەند بین بەم شێوازە و تێکرای حزبە سیاسیەکان بەشداربن بۆ گەیشتن بە چارەسەرێك و هاوکاری حکومەت بکەن بۆ ئەوەی کێشەکانی چارەسەر بکات، یان دەبێت واز لە شێوازە هاوپەیمانیە بێنین و پرۆسەی دیموکراتیەکە بگۆرین بۆ پرۆسەی حزبی حاکم و ئۆپۆزسیۆن، ئەم رێگە چارەیە لای چاودیران و رۆژنامەنوسان بۆ ئەمرۆ رووبەرووی دەرگای داخراومان دەکاتەوە، بۆیە دیسان دەبێت چاوەرێی دوا بریاری کۆبونەوەی حزبە سیاسیەکان بین.

٣- رێککەوتنی ستراتیژی پارتی ویەکێتی، وەك هەردوولا بەردەوام ئاماژەی پێدەکەن، وەك هێڵی سور لەم قۆناخەدا دەبینرێت و بواری ئەوەی بۆ چاودێر نە هێشتۆتەوە گریمانە لەسەر هەڵوەشانەوەی ئەم رێککەوتنە بکات، بۆیە ئەگەر یەکێك لە هۆکاری کێشەکانی ئەمرۆمان نەبوونی ئۆپۆزسیونێکی بەهێز بێت، ئەوا هەتا ئەم رێککەوتنە ستراتیژیە بەردەوام بێت، ئۆپۆزسیونی بەهێز کە بتوانێت هەرەشەی دەستاودەستکردنی دەسەڵات لە پارتی و یەکێتی بکات بوونی نابێت، زەحمەتە لە چەندساڵی داهاتوشدا ئۆپۆزسیونێك دروست بێت بتوانێت دەستی پارتی و یەکێتی با بدات، ئەم واقیعە شکاندنی شکۆی ئۆپۆزسیون نییە، بەڵکو واقیعێکە بوونی هەیە و هەموشمان هەستی پێدەکەین و دەیبینین، بۆیە هەردەبێت پارتی و یەکێتی لەم قۆناخە ئەوجا چ لە میانەی رێککەوتنی ستراتیژی بێت یان بە ململانێی دیموکراتیانەی نێوان هەردوولا، ببنە دوو لایەنی رکابەری یەکتر و بە بەرنامە دەستاودەستی دەسەڵات بکەن، یان دەبێت لەسەر شێوازی حکومڕانی و گۆڕانکاریەکان رێکبکەون.

بە پێچەوانەی ئەمەوە لە سیستەمی دیموکراتی یەکێك لە ناسنامەکانی فرە حزبی و ئازادی رادەربرینەوە و حکومەتیش دەربری بەرنامەی حزبەکەیە، ئەوا جیاکردنەوەی حزب لە حکومەت بێجگە لە قسەیەکی ئەفلاتونی هیچ ئاکامێکی دیکەی نابێت، بەڵام دەکرێت بە یاسایەك پەیوەندی پارتە سیاسیەکان (نەك یەك حزب) لەگەڵ حکومەت رێکبخرێت.

**رێککەوتنی ستراتیژی پارتی ویەکێتی، وەک هەردوولا بەردەوام ئاماژەی پێدەکەن، وەک هێڵی سور لەم قۆناخەدا دەبینرێت و بواری ئەوەی بۆ چاودێر نە هێشتۆتەوە گریمانە لەسەر هەڵوەشانەوەی ئەم رێککەوتنە بکات، بۆیە ئەگەر یەکێک لە هۆکاری کێشەکانی ئەمرۆمان نەبوونی ئۆپۆزسیونێکی بەهێز بێت، ئەوا هەتا ئەم رێککەوتنە ستراتیژیە بەردەوام بێت، ئۆپۆزسیونی بەهێز کە بتوانێت هەرەشەی دەستاودەستکردنی دەسەڵات لە پارتی و یەکێتی بکات بوونی نابێت**

د.سەمیح فەوازی بۆ گوڵان:

# کێشەکە لە پەیوەندی نێوان حکومەت و پارتە سیاسییەکاندا نییە،بەڵکو کێشەکە لەو سنورە تەمومژاوییەیە کە لە نێوان دەوڵەت و پارتە سیاسییەکەدا هەیە



**د.سـەمیح فەوازی کە دەرچووی زانکۆی سـتانفۆردە، یەکێکە لە چالاکەکانی نێو ڕێکخراوەکانی NGOS کان و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسـەر دیموکراتی و حکومڕانی و خولێکی ڕاهێنانی حکومڕانی باشیشی لەعەمان بۆ عێراقییەکان بەڕێوەبردووە و هەروەها چەندین کتێبی لەسەر ئازادی و حکومڕانی باش هەیە و دیارترینیان (مانای حکومڕانی باش چییە ؟ ڕەنگەکانی ئازادی : شـەپۆلی چوارەمی دیموکراتی ) د.سـەمیح لەبەرئەوەی بۆخۆی هاوڵاتیەکی میسریە و پسپۆرە لەسەر حکومڕانی بایەخێکی زۆر بە ژیانی پارتایەتی و حکومڕانی میسـر و تێکرای وڵاتانی عەرەبی و ئیسـلامی دەدات و لەگەڵ ڕێکخراوە NGOsکانیشدا سەردانی زۆربەی ئەو وڵاتانەی کردووە، هەر بۆیە بۆ وتوێژ سەبارەت بە پرۆسەی دیموکراتی و ڕۆڵی پارتە سیاسییەکان پەیوەندیمان پێوەکرد و بەمجۆرە بۆچوونەکانی بۆ گوڵان خستەڕوو.**

**گرنگترین ڕۆڵی پارتە سیاسییەکان لە قۆناخی ئینتیقالی و لە پرۆسەی بە دیموکراتیکردندا بریتییە لە یارمەتیدانی هاووڵاتییان بۆ ئەوەی بەشداری لە ژیانی سیاسییدا بکەن**

*** ئایا ڕۆڵی پارتە سیاسییەکان چیە لە بنیاتنانی دامەزراوە دیموکراسییەکاندا؟**

- پارتـە سیاسـییەکان چەند ڕۆڵیکی جیاوازیـان هەیە لە بنیاتنانی دیموکراسیدا. گرنگترین ڕۆڵی پارتە سیاسییەکان لە قۆناخی ئینتیقالی و لە پرۆسەی بە دیموکراتیکردندا بریتییە لە یارمەتیدانی هاووڵاتییان بۆ ئەوەی بەشـداری لە ژیانی سیاسـییدا بکەن و ببنە هۆکارێك بۆ ئاشناکردنیان بە کاری سیاسیی، هەروەها دەرفەتییان بۆ دەڕەخسێنن بۆ ئەوەی فێری دیموکراسـی ببن و بە شێوەیەکی دیموکراسی ڕەفتار بکەن لە دامەزراوەکانی پارتەکەدا. کێشـەکە ئەو کاتە سەرهەڵدەدات کە پارتەکان باس لە دیموکراسـی بکەن لـە کاتێکدا خۆیان کولتوورێکی تاکڕەوانەییان هەبێت.

*** هەندێـك باس بـەوە دەکـەن دیموکراتییـەت بەرهەمی کۆمەڵگـەی بۆرژوازییە، ئێمە لە وڵاتێکی دوای شـەڕ و کاولکاری دەمانەوێت پرۆسەی دیموکراتی پیادە بکەین، ئایا تاچەند هەژاری ڕێگرە لەبەردەم دیموکراسیدا؟**

-هەژاری کێشەیەکی مرۆڤایەتییە، بۆ ماوەیەکی دووردرێژە خەڵکی باس لە کێشـەی هەژاری دەکەن و کاریگەرییەکانی دەستنیشان دەکەن لەسەر لایەنە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکان. لەگەڵ ئەوەشدا، تیۆرەکانی ئەم دواییە دەربارەی گەشەپێدان باس لە پەیوەندی نێـوان حکومڕانێتی باش و کەمبوونەوەی هـەژاری دەکەن. ئەگـەر بمانەوێت بەرەنـگاری هەژاری ببینەوە، دەبێـت ئەجێندای حکومڕانێتی بـاش بگرینەبەر: شەفافیەت، بەرپرسیارێتی، بەشداری و ئیدارەییەکی گشتی کارا. کاتێك داهاتی گشـتی بە هۆی نەبوونی شەفافییەت، پشتگوێخسـتنی بەرژەوەندی گشتی لەلایەن سیاسییەکانەوە دەدزرێت، ئەوا هەژاری زیاد دەکات و بەرپرسـە حکومییەکان خۆیان لە بەرپرسیارێتی گشتی دەدزنەوە. لە زۆرێك لە وڵاتە تازەگەشـەکردوەکاندا، سەرچاوەکان سـنوردارن، لەبەر ئەوە دەبێت بە شـێوەیەکی کارا بەکاریان بهێنین. ئەمەش بناخەی ئەجێندای حکومڕانێتی باشە.

***کولتـووری هەندێـك کۆمەڵگە تێکەڵاوە لـە کولتووری کۆلۆنیاڵی و کولتووری ئەو خەڵکانەیە کە دژی دیکتاتۆرییەت خەبات و تێکۆشـانییان کردووە، چۆن دەتوانین لەم حاڵەتەدا هەڵبستین بە بنیاتنان و بەرەوپێشبردنی کەلتووری دیموکراسی و لێبوردەیی؟**

- لـەو وڵاتانەی کە ریشـەیەکی قوڵـی تاکڕەویان هەیە، بنیاتنانی دیموکراسـی ئەرکێکی قورسە. بەڵام، مێژوو پێمان دەڵێـت دەتوانین ئەم کارە بکەین ئەگـەر کۆمەڵگە بڕیاری ڕێزگرتن بدات لە ئاکار و ڕێسـا دیموکراسییەکان. لە هەندێ حاڵەتـدا و لە دوای کۆتای هاتنی ڕۆژگاری کۆلۆنیاڵیەوە، ئەوەمان بەدی کرد کە نووخبە حکومڕانەکان بەهەمان شێوەی دەسـەڵاتدارە کۆلۆنیاڵیـەکان ڕەفتاریان دەکرد و سیاسـەتی نادیموکراتییانەیان پیادە دەکرد. هەندێ لە بیریارە سیاسییەکان ئەمەیان بـە (کۆلۆنیاڵی مەحەلی) نـاوزەد کرد. ئەمە بەو مانایە دێت کە دەبێت کۆمەڵگە خۆی هەڵبستێت بە بنیاتنانی دامەزراوە و ڕێسا دیموکراسییەکان.

***ئامارەکانـی دوای سـاڵی ١٩٩١ ئەوە پیشـان دەدەن کە لە زۆربـەی وڵاتاندا هەڵبژاردن ئەنجـام دراوە بەڵام ڕێژەی دیموکراسـییەتی لیبراڵی کـەم بۆتەوە، پرسـیارەکە ئەوەیە**

**بۆچی نەتوانراوە دیموکراســـییەتی لیبراڵی لە وڵاتانی دوای کۆمۆنیستی و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتدا بنیات بنرێت؟**

- من لەمەیاندا لەگەڵتاندا هاوڕانیم. زۆرێك لەو وڵاتانەی پێشتر کۆمۆنیســـتی بوون بە شێوەیەکی ئاشتیانە بەرەو دیموکراسی هەنگاویان نا. ئەگەر سەیری لە ئەزموونی ئۆکرانیا، جۆرجیا و ســـربیا بکەیت، ئەوا کۆمەڵگەکانییان لە ڕێی پرۆسەیەکی سیاسیی کە بە باشی ڕێکخرابوو دیموکراسییان بەدەست هێنا. ئەوان خاوەنی بەرهەڵســـتیەکی سیاســـیی جێ متمانەبوون، جۆرێك لە میدیای ســـەربەخۆیان هەبوو، خاوەنی پەروەردەی سیاسیی بوون و هەڵبژاردنەکانییان تا ڕاددەیەکی گەورە ئازاد و عادیلانەبـــوو. نەوەی نوێ بە قوڵی بەشـــداریان لە ژیانی سیاســـییدا کرد، شـــێوە نوێیەکانی میدیایان بەکارهێنا، وەك ئەنتەرنێت و پێداگیریان لەســـەر خۆپیشاندانی سیاسیی کرد، ئەم پرۆســـەیە جیهانی سەرسام کرد و جیاوازی خستە ناو ئەو چەکیان هەڵگرتبوو. دەبێت سەرنجی ئەوەبدەین کە دیموکراسی سیستەمێکی بێ کەموکوڕی نییە و چەند کەلێنێکی تێدایە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـــدا سیستەمێکی سیاسیی پێشبینیکرا و دەهێنێتە ئاراوە.

***ئایا لە ســـەر چ بنەما و هەلومەرجێك چاودێرانی دەرەکی هەڵدەستن بە هەڵسەنگاندنی هەوڵ و کۆششەکانی وڵاتێك بۆ بنیاتنانی حکومڕانێتی باش؟**


- چەند پێشـــمەرجێك هـــەن بۆ حکومڕانێتی بـــاش. دەبێت وڵاتە تازەگەشەکردووەکان خاوەنی دامەزراوەگەلێکی سیاسیی ســـەقامگیر بن، دووەم دەبێت خاوەنی دەســـەڵاتێکی قەزائی ســـەربەخۆ بن، سێیەم هاووڵاتییەکی هۆشیار هەبێت کە داوای مافەکانی بکات، چوارەم بوونی کەلتوورێکی دژە گەندەڵی. ئەو وڵاتانەی ئاســـتێکی بەرزی گەندەڵیان هەیە، سیستەمە سیاسییەکانییان لەسەر گەندەڵی بنیات نراوە. ئەمەش مانای ئەوەیە گەندەڵی کێشەیەکی بچوك نییە، بەڵکو سیستەماتیکییە و ڕەگ و ڕیشەی لە کەلتوور، مامەڵەی سیاسیی و پەیوەندییە گشـــتیەکاندا هەیە. واتە دامەزراوەگەلێکی گشتی گەندەڵ، پارتگەلێکی سیاســـیی بێ توانا و هاووڵاتییەکی بێدەنگییان هەیە.

***باس لە جیاکردنەوە و دابڕینی پارتە سیاسییەکان دەکرێت لە حکومەت، ئەمە لە کاتێکدا پارتە سیاسییەکان دڵی سیستەمە سیاســـییەکە پێکدەهێنن، پرســـیارەکە ئەوەیە ئایا مەبەست لە جیاکردنەوەی پارتە سیاسییەکان لە حکومەت چیە؟**

- لـــە زۆرێك لە وڵاتە دیموکراســـییەکاندا، ئەگەر نەڵێین لە هەموویانـــدا، حکومەت ڕەنگدانەوەی خواســـتی پارتەکانە و هاووڵاتییان مافی هێشتنەوە و یان لادانی ئەو حکومەتەیان هەیە لە کاتی هەڵبژاردنە گشتییەکاندا. کێشەکە لە کۆمەڵگەکانی ئێمـــەدا لە پەیوەندی نێوان حکومەت و پارتە سیاســـییەکاندا نییە، لەبەر ئەوەی ئەم پەیوەندییە دڵی دیموکراســـییە، بەڵکو کێشەکە لەو ســـنوورە تەم و مژاوییەیە کە لە نێوان دەوڵەت و پارتە سیاسییەکەدا هەیە. کاتێك پارتی حکومڕان دەزگاکانی دەوڵەت بـــۆ بەرژەوەندی خـــۆی بەکاردەهێنێـــت ئەوا ئەمە مانای وایە تێکـــڕای دامەزراوەکانی دەوڵەت لەلایەن پارتی حکومڕانەوە یان نوخبە سیاسییە بەرتەسکەکەوە کۆنترۆڵکراوە. لە کۆمەڵگە دیموکراســـییەکاندا، ئەوا دەوڵەت بە سروشـــتی خۆی سیاســـییە، لە کاتێکدا حکومەت ڕوکارێکی سیاسیی پێ دەدرێت. لەبەر ئەم هۆیە، دەوڵەت خزمەت بە هاووڵاتییان دەکات بـــە چاوپۆشـــین لـــەوەی چ پارتێکی سیاســـیی لە دەســـەڵاتدایە. لە کۆمەڵگەکانی ئێمەدا پێچەوانەکەی بەدی دەکەین. حکومـــەت دامەزراوەیەکی تەکنیکییە، ناوەڕۆکێکی سیاسیی نییە، لە کاتێکدا تەواوی دەزگاکانی دەوڵەت لەلایەن نوخبەی حکومڕانەوە داگیرکراون.

***دوای دامەزراندنی دەزگاکانی حکومەت، ئایا ڕۆڵی پارتە سیاسییەکان چی دەبێت لە کۆمەڵگەیەکی دیموکراسیدا؟**

- تەنیـــا ڕۆڵێك کـــە دەتوانن ببینن بریتییە لـــە درێژەپێدانی دیموکراســـی لە ڕێی ئاشـــناکردنی خەڵکی بە دیموکراسی، خستنەڕووی پرۆژە سیاسییەکان لە کۆمەڵگەدا، ململانێکردنی ئازاد لـــە کاتی هەڵبژاردنـــە گشـــتیەکاندا و بەکارهێنانی تێکڕای دەزگاکانی ڕاگەیاندن بۆ ئاشناکردنی هاووڵاتییان بە جموجوڵە سیاســـییەکان و ڕەفتارکردن وەك هێزێکی ڕاستەقینە لە بنیاتنانی سیستەمێکی سیاسیی بەرپرسدا. بە پێی پێناسە، پارتە سیاسییەکان ڕێکخراوگەلێکی کۆمەڵایەتی نین، بەڵکو سیاسیین.



●●●
**لەو وڵاتانەی کە ڕیشەیەکی قوڵی تاکڕەوی هەیە، بنیاتنانی دیموکراسی ئەرکێکی قورسە. بەڵام، مێژوو پێمان دەڵێت دەتوانین ئەم کارە بکەین ئەگەر کۆمەڵگە بڕیاری ڕێزگرتن بدات لە ئاکار و ڕێسا دیموکراسییەکان**
●●●

●●●
**زۆرێک لەو وڵاتانەی پێشتر کۆمۆنیستی بوون بە شێوەیەکی ئاشتیانە بەرەو دیموکراسی هەنگاویان نا. ئەگەر سەیری ئەزموونی ئۆکرانیا، جۆرجیا و سربیا بکەین، ئەوا کۆمەڵگەکانییان لە ڕێی پرۆسەیەکی سیاسیی، کە بە باشی ڕێکخرابوو، دیموکراسییان بەدەست هێنا**
●●●

### پرۆفیسۆر دانیاڵ ئیپستاین:

# دابڕین و گۆشەگیرکردنی پارتە سیاسییەکان لە حکومەت هەڵەیەکی گەورەیە بێ بوونی پارتەکان ناتوانین حکومەت رووبەڕووی بەرپرسیارییەکانی بکەینەوە



**پرۆفیسۆر دانیاڵ ئیسپستاین، سەرۆکی سەنتەری توێژینەوەی پۆڵەندا و ناوەڕاستی ئەوروپایە و پسپۆر تایبەتمەندە لەسەر رۆڵی پارتە سیاسییەکان لەگەڵ حکومەت، لە دەوڵەتانی ئەورووپای ناوەڕاست و ئەمەریکای لاتینیدا. هەروەها خاوەنی چەندین توێژینەوەیە لەسەر کاریگەری پارتە سیاسییەکان لە پرۆسەی دیموکراتییەکانی ئەوپاری ناوەراست و ئەمەریکای لاتیندا، بۆ قسەکردن و بەدواداچوون لەسەر پرۆسە دیموکراتی هەرێمی کوردستان، رۆڵی پارتە سیاسییەکانی کوردستان لەم پرۆسەیەدا پرۆفیسۆر دانیاڵ ئیپستاین بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستە روو.**

***لە قۆناخی ئینتیقالیدا دامەزراوە دیموکراسییەکان بەهێزنین و دەبێت پارتە سیاسییەکان رۆڵێکی بنەڕەتی ببینن لە بنیاتنانی ئەم دامەزراوانەدا، ئایا رۆڵی پارتە سیاسییەکان چییە لە بنیاتنانی دیموکراسیدا؟**

- پارتە سیاسییەکان دەتوانن چەند رۆڵێکی جیاواز ببینن لەم رووەوە، دەتوانن زانیاری پێویست بە هاووڵاتییان بدەن دەربارەی بەرنامە و پرۆژەی پارت و پاڵێوراوە جیاوازەکان کە رکابەری دەکەن لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا، هەروەها رۆڵی شەرعیەتدان دەبینن بەو پارتە بەرهەڵستکارانەی کە لە دەرەوەی دەسەڵاتن و بەو شێوەیە دەیانخەنەڕوو کە گەمەکارێکی سیاسی جیددین ئەگەر توانیان پشتیوانی سیاسی دەنگدەران بەدەست بهێنن.

*** قۆناخی ئینتیقالی قۆناخێکی پڕ لە دژوارییە، چۆن خەڵکی پۆڵەندە توانیان سەرکەوتووانە ئەم قۆناخە تێپەڕێنن؟**

- چەند هۆکارێك هەیە بۆ ئەو سەرکەوتنە، یەکەمیان لە پۆڵەندا کۆمەڵگەیەکی مەدەنی رێکخراو هەبوو تەنانەت لە پێش کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی کۆمۆنیستیشدا، واتە بەرپرسیاریەکی مەدەنی هەبوو لای هاووڵاتییانی ئەو وڵاتە کە ئەمەش هۆکارێکی یارمەتیدەربوو، هەروەها خەڵکی پۆڵەندا و هاووڵاتییانی پۆڵەندا دەیانزانی چۆن و لە چ کاتێدا بەرهەڵستی دەسەڵاتی سیاسی بکەن و چۆن بە شێوەیەکی ئاشتییانە و مەدەنیانە گوزارشت لەم بەرهەڵستییە بکەن، ئەمەشیان پێش ئەوەی سەردەمی کۆمۆنیستی کۆتایی پێ بێت. لە لایەکی دیکەوە پۆڵەندا توانیویەتی سەرکەوتووانە لە ئابووری دەوڵەتەوە بگوازێتەوە بۆ ئابووری پشت بەستوو بە بازاڕ، واتە توانیویەتی لە رووی ئابووری و لە رووی پلانی ئابوورییەوە سەرکەوتوو بێت. خاڵێکی دیکەی گرنگ ئەوەیە کە هێزە کۆمۆنیستییەکان ئەوانی پێشتر لە دەسەڵاتدابوون، پەنایان بۆ رێگا و شێوازی مەدەنیانە و ئاشتییانە برد بۆ ئەوەی جارێکی دیکە دەسەڵات بگرنەوەدەست، واتە رێگای هەڵبژاردنیان گرتەبەر بۆ ئەوەی جارێکی دیکە بگەنەوە دەسەڵات. هەروەها کۆمۆنیستەکان چاکسازیان لە خۆیاندا کرد و خۆیان پابەندکرد بە چاکسازی ئابوورییەوە، هەرئەمانەش هۆکاری ئەوەبوون کە پۆڵەندا دووچاری هەمان ئاڵۆزی و ئاستەنگی نەبنەوە کە وڵاتانی وەك رووسیا و ئۆکرانیا رووبەڕووی بوونەوە.

***واتە تێپەڕاندنی ئەم قۆناخە دەوەستێتە سەر ئاستی مەعریفە و هۆشیاری هاووڵاتییانی وڵاتەکە، بە واتایەکی دیکە دەبێت هەوڵەکان ناوخۆیی بن؟**

- بەڵێ بە دڵنیاییەوە دەبێت هەوڵەکان ناوخۆیی بن و هێزە ناوخۆییەکان هەوڵی بنیاتنانی دیموکراسی بدەن، بەڵان من پێموایە نییە ئەم پرۆسەیە تەنیا پشت بە پەرەوەردە ببەستێت، بۆ نموونە هیندستان لەدوای رۆژگاری کۆلۆنیالییەوە توانیویەتی سەرکەوتن بەدەست بهێنێت لە دامەزراندنی دیموکراسیدا لە کاتێکدا زۆربەی خەڵکی هیندستان خاوەنی ئاستێکی بەرزی پەرەوەردە نەبوون. ئەوەی گرنگە ئەوەیە تێکڕای پارت و لایەنە سیاسییەکان ئەوانەی لە دەسەڵاتدان و ئەوانەشی کە لە بەرەی بەرهەڵستکاراندان خۆیان پابەندبکەن بە رێساW و یاساکانی رکابەری و ململانێیەوە و بە هیچ شێوەیەکی هەوڵی پێشلێکردن و شکاندنیان نەدەن و دەبێت هەر شێوازێکی توندوتیژانە رەتبکرێتەوە.

***لە وڵاتانی دوای شەڕ یان وڵاتە تازە پێشگەیشتووەکاندا ئاسەوارەکانی شەڕ نەسڕاونەتەوە و ئاستی هەژاری بەرزە، چۆن پارتە سیاسییەکان دەتوانن لەم حاڵەتەدا هەنگاوی پێویست بنێن بۆ بنیاتنانی حکومڕانێتی باش؟**

- زەحمەتە بتوانین ئەو هەنگاوانە دەستنیشان بکەین کە پێویستە پارتە سیاسییەکان هەڵیبگرن بۆ ئەم مەبەستە، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە پارتە سیاسییەکان پابەندبن بەوەی لە چوارچێوەی یاسادا ململانێ بکەن بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات، واتە دەبێت لە رێی قەناعەت پێهێنانی هاووڵاتییانەوە بەوەی دەتوانن بە باشترین شێوە خزمەتگوزارییان بۆ دابین بکەن و بەرژەوەندییەکانیان بپارێزن، ئەمەش پێویست بەوە دەکات کە پارتە سیاسییەکان بەرژەوەندی و پێویستی

**کۆمۆنیستەکان چاکسازیان لە خۆیاندا کرد و خۆیان پابەندکرد بە چاکسازی ئابوورییەوە، هەرئەمانەش هۆکاری ئەوەبوون کە وڵاتێکی وەک پۆڵەندا دووچاری هەمان ئاڵۆزی و ئاستەنگی نەبێتەوە کە وڵاتانی وەک رووسیا و ئۆکرانیا رووبەڕووی بوونەوە**

هاووڵاتییان دەستنیشـــان بکەن و ئیشـــی لەســـەر بکەن و بەرنامە و بەڵێنەکانی خۆیـــان لە کاتی هەڵبژاردنەکانـــدا بۆ هاووڵاتییان ئاشکرابکەن و لە کاتی سەرکەوتنشیاندا جێبەجێیان بکەن.

***لـــە وڵاتانی دوای شـــەڕدا دوو کەلتوور لە ئـــارادان، یەکەمیان کولتـــووری کۆلۆنیاڵی و دیکتاتۆرییە دووەمیان کولتووری خەبات و تێکۆشـــانە، چۆن دەتوانین لەم حاڵەتەدا هەڵبستین بە بنیاتنان و بەرەوپێشبردنی کولتووری دیموکراسی و لێبوردەیی؟**

- بنیاتنانی کولتووری دیموکراسی لەو وڵاتانەدا زەحمەتە کە پێشتر هیچ ئەزموونێکی دیموکراسیان نەبووە، بەڵام تەنانەت لەو وڵاتانەشدا کە ئەم ئەزموونەیان نییە، ئەگەر پارتە سیاسییەکان هەوڵی پەنابردن بـــۆ توندوتیژی نەبەن و پابەندبن بە رێســـا دیموکراســـییەکانەوە و ئامادەبن لە چوارچێوەی یاســـادا کار و چالاکی و رکابەرییەکانیان رێکبخەن ئەوا دەکرێت کەشـــێك بۆ بەرەوپێشـــچوونی دیموکراسی برەخسێت.

***ئایـــا لە ســـەر چ بنەمـــا و هەلومەرجێـــك چاودێرانی دەرەکی هەڵدەســـتن بە هەڵسەنگاندنی هەوڵ و کۆششـــەکانی وڵاتێك بۆ بنیاتنانی حکومڕانێتی باش؟**

- هەڵســـەنگاندنی هەوڵ و هەنگاوەکانی وڵاتێك لە لایەن چاودێرە دەرەکییەکانەوە کارێکی زەحمەت و زۆرجار لە سەر بنەمایەکی هەڵە ئەنجـــام دەدرێت، بۆ نموونە کاتێك هەڵســـەنگاندنی کرا دەربارەی وڵاتی رووســـیا دوای ئەوەی پۆتین دەسەڵاتی گرتەدەست جەخت لەسەر بەرەوپێشچوونی ئابووری کرایەوە لە مەودای کورتدا، ئەمەش پێوەرێکی قورسە بۆ هەڵسەنگاندنی ئاستی سەرکەوتنی هەوڵەکانی هـــەر وڵاتێك. کەواتە هەڵســـەنگاندنەکانی چاودێـــرە دەرەکییەکان کارێکی مەترســـیدارە، لەبەر ئەوەی زۆرجار تەرکیز لە سەر ئاماژە کورت مـــەوداکان دەکرێتەوە و بەو شـــێوەیە هەوڵەکانی ئەو وڵاتە دەخاتەڕوو کە کارێکی باش دەکات و هەوڵەکانی ســـەرکەتوون، لە کاتێکدا ئەو هەنگاو و رێ و شوێنانەی ئەو وڵاتە کارا و کاریگەر نین. هەروەهـــا دەبێت چاودێران هەوڵ نـــەدەن کاریگەریان هەبێت لەســـەر ئەم هەوڵانە، لەبەر ئەوەی رەنگە لە کۆتاییدا پشتیوانی لە گروپێکی دیاری کراو دەســـەڵاتدار بکـــەن لە کاتێکدا خەڵکی ئەو وڵاتە و هاووڵاتییانی ئەو وڵاتە پشـــتگیری لەو کەســـانە ناکەن و زۆر جار ئەو دەسەڵاتدارانەی بە هۆی پاڵپشتی دەرەکییەوە درێژە بە دەســـەڵاتی خۆیان دەدەن خەڵکی وڵاتەکە خوازیاری ئەوەن کۆتایی بە دەسەڵاتیان بهێنرێت. من پێموایە زەحمەتە ئەگەر مەحاڵ نەبێت چاودێرە دەرەکییەکان بتوانن بڕیار لەسەر کۆششەکانی وڵاتێك بدەن بۆ گرتنەبەری حکومڕانێتی باش و بە تێڕوانینی من پێویستە ئەو بڕیـــارە بۆ خەڵکی وڵاتەکە خۆی جێبهێڵن و دەســـتێوەردان نەکەن لەبەر ئەوەی رەنگە ئەم دەستێوەردانە ببێتەهۆی خولقاندنی گرژی و ئاڵۆزی لە نێوان ئەو دەسەڵاتدارانەی لە لایەن هێزە دەرەکییەکانەوە پشـــتیوانیان لێدەکرێت لەگەڵ خەڵکی ئـــەو وڵاتەدا کە خوازیاری ئەوەن گۆڕینی ئەو دەســـەڵاتدارانەن، بۆیە دەبێت خۆیان بپارێزن لە پیشاندانی هاوســـۆزی یان پاڵپشتییەکی گەورە بۆ دەسەڵاتدارانی وڵاتەکە، بۆ نموونە کاتێك وڵاتانی ئەوروپا و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پشـــتیوانیان لە وڵاتانی دوای کۆمۆنیستی کرد چونکە لە ســـەرەتادا وا دەرکەوتن کە وڵاتگەلێکی دیموکراســـین، بەڵام لە کۆتاییدا دەرکەوت کە مەسەلەکە بەو شێوەیە نییە.

***باس لـــە جیاکردنەوە و دابڕینی پارتە سیاســـییەکان دەکرێت لە حکومەت، ئەمە لە کاتێکدا پارتە سیاســـییەکان دڵی سیســـتەمە سیاســـییەکە پێکدەهێنـــن، پرســـیارەکە ئەوەیە ئایا مەبەســـت لە جیاکردنەوەی پارتە سیاسییەکان لە حکومەت چییە؟**

- من پێموایە دابڕین و گۆشـــەگیرکردنی پارتە سیاســـییەکان لە حکومەت هەڵەیەکی گەورەیە و من دەزانم خەڵکانێك هەن بەم شێوەیە بیردەکەنەوە و ئەوەدەخەنەڕوو کـــە ئەگەر پارتەکان لە حکومەتدابن ئەوا بۆ بەرژەوەندی خۆیان کاردەکەن نەك بۆ بەرژەوەندی گشـــتی ئەوەش هەڵەیەکی گەورەیە، لەبەر ئەوەی رەنگە پارتە سیاسییەکان وەك هەر لایەنێکی دیکە کار بـــۆ بەرژەوەندی خۆیان بکەن، بەڵام بوونی ئەم پارتانە گرنگییەکـــی زۆری هەیە، لەبەر ئەوەی دەبنە تەحەددا و گوشارێك لەسەر حکومەت لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا، واتە بێ بوونی پارتە بەرهەڵەستکارەکان ناتوانین حکومەت رووبەڕووی بەرپرسیارییەکانی بکەینەوە لە ئاست هاووڵاتییاندا. هەروەها ئەگەر پارتە سیاسییەکان جیابن لە حکومەت ئەوا زەحمەتە دەنگدەران ئەو پارتە دەستینشـــان بکەن کە خوازیارن دەنگی بۆ بدەن ئەگەر هاتوو پاڵپشـــتیان لە دەســـەڵات کرد، یاخود ئەو پارتانە دەستنیشان بکەن کـــە دەیانەوێت دەنگی بۆ بدەن ئەگەر هاتوو پشـــتیوانیان لە پارتە بەرهەڵســـتکارەکان کرد، واتە ئەگەر هاووڵاتییان نەزانن چ پارتێك راستەوخۆ ســـەر بە دەسەڵاتە و چ پارتێکی بەرهەڵستی دەسەڵات دەکات ناتوانن دەنگدانەکە بە شـــێوەیەکی راســـت و دروست ئەنجام بـــدەن بەتایبەتی لەو وڵاتانەی سیســـتەمی پەرلەمانیان هەیە وەك عێراق.

***دوای رووخانی دیواری بەرلین دیموکراسی بۆتە ئەو دیاردەیەی کە هەموو لایەك شـــانازی پێـــوەدەکات، بۆ نموونە زۆربەی وڵاتان خوازیـــاری ئەوەن وەك وڵاتێکی دیموکراســـی خۆیـــان بخەنەڕوو، بەڵام ســـەرژمێرییەکانی دوای ســـاڵی ١٩٩١ ئەوە پیشـــان دەدەن کـــە لە زۆربەی وڵاتانـــدا هەڵبژاردن ئەنجـــام دراوە بەڵام رێژەی دیموکراســـییەتی لیبراڵی کەم بۆتەوە، پرســـیارەکە ئەوەیە بۆچی نەتوانراوە دیموکراسییەتی لیبراڵی لە وڵاتانی دوای کۆمۆنیستی و وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوارستدا بنیات بنرێت؟**

- هۆکارەکـــە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کـــە خەڵکی ئەو وڵاتانە و هێزە دەرەکییەکانیش پتر جەختیان لەســـەر رواڵەتی پرۆســـەکە دەکردەوە، بۆ نموونە لە ســـەر ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان بێ ئەوەی بایەخی پێویســـت بەوەبدرێت کە دەبێت لە کاتـــی هەڵبژاردنەکاندا رکابەری و ململانێیەکی راســـتەقینە هەبێت و نابێت پێـــش هەڵبژاردنەکان دەرئەنجامـــەکان دیاربن و لایەنی ســـەرکەوتو دیاربێت، بۆ نموونە لە هەنـــدێ لەو وڵاتانەدا کاتێك پارتێکی دیاری کراو دەســـەڵات دەگرێتەدەســـت دەتوانێ کۆنتڕۆڵی حکومـــەت و کۆمەڵگە بکات و توانـــای لایەنەکانـــی دیکە لاوازبکات و رەنگە بەم شـــێوەیە لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا ســـەرکەوتن بەدەســـت بهێنێت بەڵام بە ناشەرعی.

***دوا وتەت چییە؟**

زۆر گرنگە لە وڵاتێکی وەك عێراقدا خەڵك هەست بە بەرپرسیارێتی خۆیان بکەن لە دیموکراســـیدا و هەســـت بکەن مافی بەرهەڵستی کردنی دەسەڵاتییان هەیە، بەڵام بە شێوەیەکی ئاشتییانە و لە رێی هەڵبژاردنەوە نەك لە رێی هەڕەشە و هێزەوە.

**هیندستان لەدوای رۆژگاری کۆلۆنیاڵییەوە توانیویەتی سەرکەوتن بەدەست بهێنێت لە دامەزراندنی دیموکراسیدا لە کاتێکدا زۆربەی خەڵکی هیندستان خاوەنی ئاستێکی بەرزی پەروەردە نەبوون**

**بنیاتنانی کولتووری دیموکراسی لەو وڵاتانەدا زەحمەتە کە پێشتر هیچ ئەزموونێکی دیموکراسیان نەبووە**

**پێموایە دابڕین و گۆشەگیرکردنی پارتە سیاسییەکان لە حکومەت هەڵەیەکی گەورەیە**

## تەنیا بڕیاری بوێرانە سیمای عەسکەرتاری تورکیا کاڵدەک

# بۆ ئەوەی متمانەی ئۆرفا و ماردین و دیارب
# دەبێت AKP کێشەی کورد بە ڕێگەی ئاشتی



●●●
**پارتی داد و گەشەپێدان دەتوانێت بۆ بەهێزکردنی بەرەی دیموکراتی لە تورکیا و لاوازکردنی بەرەی عەسکەر و تورکە ناسیۆنالیستە توندڕۆکان سوود لە بیروبۆچوونی ئاشتیخوازانە و دیموکراتخوازانەی کورد وەربگرێت**
●●●

لەوانەیە دەنگدانی کوردی تورکیا بۆ پارتی دادوگەشەپێدان AKP دەسەڵاتداری تورکیا ئەزموونێکی باش بێت بۆ پرۆسەی حکومڕانی تورکیا و هەروەها بۆ میکانیزمی چارەسەری دیموکراتییانەی کێشەی کوردیش لە تورکیا، دەنگدانی کورد بە AKP سەلماندنی کورد دەتوانێت کلیلی سەقامگیری سیاسیی و حکومرانی تورکیا بێت. ئاشکرایە پێش ئەوەی کورد دەنگ بەAKP بدات تورکیا لە ناسەقامگیریەکی حکومیدا بوو، بەڵام لە هەڵبژاردنی رابردوو بە بەکارهێنانی کارتی چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد لە تورکیا، پارتی داد و گەشەپێدان ئەو قۆناخەی تێپەراند و بۆ یەکەمجار لە مێژووی نوێی تورکیادا، پارتێك کە پاشخانێکی ئیسلامی هەیە هەردوو پۆستی سەرۆك وەزیران و سەرکۆماری تورکیای بردەوە، ئێستا عەبدوڵلا گویل کە سەرکۆماری تورکیایە و رەجەب تەیب ئەردۆگان کە سەرۆك وەزیرانی تورکیایە، لە سەرۆك سەرکردەکانی پارتی داد وگەش پێدانی تورکیایە، مانەوەشیان لەو دوو پۆستە بەستراوەتەوە بە جێبەجێکردنی بەڵێنەکانی هەڵبژاردنەوە و دەبێت هەردوو بەڕێزان گویل و ئەردۆگان لەوە بە هێزتربن، نەك لەبەر ئەوەی تەنیا لە پۆستەکانیان بمێننەوە، بەڵکو لە پێناوی ئەوەی جارێکی دیکە ناسەقامگیری حکومی بگەڕێتەوە بۆ تورکیا، کە هەموو کات ناسەقامگیری حکومی تورکیا ناسەقامگیری سیاسیی و دەستێوەردانی عەسکەر و کودەتای سەربازی لێکەوتۆتەوە.

پارتی داد و گەشەپێدان دەتوانێت بۆ بەهێزکردنی بەرەی

# ـــاتەوە
# ـەکری پێبدرێتەوە
# چارەسەر بکات



دیموکراتی لە تورکیا و لاوازکردنی بەرەی عەسکەر و تورکە ناسیۆنالیستە توندڕۆکان سوود لە بیروبۆچوونی ئاشتیخوازانە و دیموکراتخوازانەی کورد وەربگرێت، ئەگەر کورد لە ئاستی رەفتارەکانی پارتی دادوگەشــەپێدان نائومێد نەبێت و هەست بکات کە پارتی دادو گەشـــەپێدان ئەگـــەر بۆ بەرژەوەندی خۆشـــی بێت هەنگاو بۆ چارەســـەری ئاشتییانەی کێشەی کورد و ناســـاندنی کورد وەك هاووڵاتییانی پلەیەکی تورکیا هەنـــگاو هەڵدەگرێت، ئەوا کورد ناچار نابێت لە پرۆســـەی دیموکراتـــی دوور بکەوێتەوە و یان نائومێد بێت و بەشـــدار نەبێت، بۆیە زۆر گرنگە بۆ ئایندەی پارتی دادو گەشەپێدان کە دەســـت بەم کارتە زێڕینەوە بگرێـــت و دەبێت هەوڵبدات لەدەستی دەرنەچێت.

**کورد بۆتە کلیلی سەقامگیری تورکیا**
**بەرێگەی دەنگدان وسندوقی دەنگدانەوە**

هەڵبژاردنـــی شـــارەوانییەکانی تورکیا لە چەنـــد مانگی دادێ ســـەنگی مەحەکە بۆ ئـــەوەی بینن ئایا کورد لـــە پارتی داد و گەشـــەپێدان تورڕەیە یان نە، بۆ ئەوەی ئەم حاڵەتە بە شـــێوەیەکی ســـلبی بۆ سەر پارتی داد و گەشەپێدان نەشکێتەوە، ئەوا گرنگە لە ماوەی ئەم یەکدوو مانگە حکومەتی تورکیا هەنگاوی جیددی لەسەر ئاستی چارەسەری کێشەی کورد لە تورکیا و بایەخدان بە ناوچە کوردییەکانی تورکیا هەڵبگرێت و دەبێت هەنگاوی خێراش هەڵبگرن سەبارەت بە ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئەنقەرە و هەولێر، راســـتە پەیوەندی نێوان ئەنقەرە و هەولێر راســـتەوخۆ پەیوەندی بە چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کوردەوە نییە لە تورکیا و بەڵام بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر رەوتی بەرێوەچوونی پرۆسەکە و هاندانی هەردوو لایەنی کوردی و تورکی دەبێت، بەتایبەتی لایەنی کوردی کە متمانەی زیاتری بە حکومەتی تورکیا پەیدا دەکات، بۆیە مەســـەلەی چارەسەرکردنی کێشـــەی کورد لە تورکیا تەنیا ئەوەنـــدە نییە کە تورکیا زیاتر لە یەکێتی ئەوروپا نزیکدەکاتەوە، راستە کاریگەری لەسەر ئەم لایەنە دەبێت، بەڵام ئەم کاریگەرییە رەنگدانەوەی ئەو هەنگاوانە دەبن کە پێویســـتە حکومەتی تورکیا بوێرانە هەنگاوی بۆ هەڵبگرێت و لە هەمووشیان گرنگتر هەموارکردنی دەستووری تورکیا، بە تایبەتی ئەگەر حکومەتی تورکیا بتوانێت پێناســـەی مافی هاووڵاتیبوون لە دەســـتووری هەموار بکات کە هەموو پێکهاتەکانی تورکیا بە کوردیشەوە بگرێتەوە، ئەوا گەورەترین ئاستەنگ لەبەردەم پرۆسەی بە دیموکراتیکردنـــی تورکیا لادەبات و زەمینە خۆشـــدەکات بۆ هەموارکردنەکانی دیکـــەش، تورکیا ئەگەر بتوانێت ئەم هەنگاوە هەڵبگرێت، بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی هەندێك بڕگەی دیکە هەن وەك ئازادی رادەربڕین و مادده ٣٠١ ی تایبەت بەرەخنە و ئازادی رادەربڕین دەبێتە مەســـەلەیەکی لاوەکـــی و لایەنی تورکی هێندە بە دڵەڕاوکێییەوە لەســـەر هەموارکردنی دەستوور هەڵوەستە دەکەن، نـــە یەکێتی ئەورووپاش هێندە بە بێ متمانەیەوە ســـەیری تورکیا ناکات، لەلایەکی دیکە ئەگەر حاڵەتی ســـەقامگیری حکومی لە تورکیا بەردەوام بێت، ئەوا بیانووەکانی دەســـتی سوپا و ژەنراڵە عەســـکەرییەکانیش بۆ پەنابردن بۆ ئۆپەراسێۆینی سەربازی بەو ئاستە نابن کە حکومەتی تورکیا ئیحراج بێت و نەتوانێت رێگری لە سوپا بکات، هەرچەندە ئێستا لیکنزیکبوونەوەیەکی بەرچاو لە نێوان حکومەتی ئەردۆگان و ســـوپا هەستی پێدەکرێت و هەندێك لە چاودێران ئەم نزیکبوونەوەیە وەك تاکتیکێك لەلایەن ئەردۆگانەوە دەبینن بۆ ئەوەی سەقامگیری حکومەتەکەی بەردەوام بێت، بەڵام چاودێرانی دیکـــە پێیانوایە نزیکبوونەوەی ئەردۆگان لە ســـوپا ئایندەی دیموکراســـی تورکیا و چارەســـەرکردنی کێشەی کورد دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

بۆ بەدوادا چوونی ئەم پرســـە گرنگە، کۆمەڵێك پسپۆر و ئەندام پەرلەمانی پارتـــی AKP و DTP رۆژنامەنووس و ئەندامی لیژنەی مەدەنی تورکی یەکێتی ئەوروپا بەشـــداریان کردووین کە ئەمە بۆچوونەکانیانە.

●●●
**هەموو کات ناسەقامگیری حکومی تورکیا ناسەقامگیری سیاسیی و دەستێوەردانی عەسکەر و کودەتای سەربازی لێکەوتۆتەوە**
●●●

سوعات کینکلی ئۆغلۆ پەرلەمانتاری AKP و سەرۆکی لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوە لە پەرلەمانی تورکیا بۆ گوڵان:

# تورکیا کاندیدی یەکێتی ئەورپایە و ئامادەیە ئازادی بۆ هاووڵاتییانی کوردی وڵاتەکەی خۆی دابین بکات

**سوعات کینگلی ئۆغلۆ پەرلەمانتاری پارتی داد وگەشــەپێدان و سەرۆکی لیژنــەی پەیوەندییەکانی پەرلەمانــی تورکیایــە و یەکێکە لە ســتوون نووسە دیارەکانــی ڕۆژنامەکانی تورکیا بــە تایبەتی ئەو ڕۆژنامانەی کە بە چاپی ئینگلیــزی لــە تورکیا بــڵاو دەبنــەوە، هەروەها سەرنووسەری Insight Turkey یە و هەروەها ســەرۆکی ســەنتەری پــرۆژەی مارشاڵی ئەمەریکیشە لە ئەنقەرە، کینگلی ئۆغلۆ یەکێکە لــە لایەنگرانی بــە ئەندابوونــی تورکیا لــە یەکێتــی ئەورپا و لەســەر ئاســتی یەکێتی ئەوروپا ڕێزی لێدەگیرێت، بــۆ قســەکردن لەســەر پەیوەندییەکانــی ئەنقەرە و هەولێــر و هەوروەهــا چارەســەری ئاشتییانەی کێشــەی کورد لە تورکیا، پەیوەندییمــان بــە بەرێز کینگلی ئۆغلــۆ کرد و بەرێــزی بەمجــۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

***بەرەوپێشچونێك لە نێوان ئیدارەی هەرێمی کوردی باکوری عێــراق و تورکیادا بەدی دەکرێت، ئــەم پەیوەندییانە چۆن دەبینیت و هۆکارەکانی ئەم بەرەوپێشچوونانە چین؟**

- ئەوە بەرەوپێشچوونێکی ئاساییە و ئەوەی دەبوو پێشــتر روبــدات ئێســتا ڕوودەدات، حکومەتــی تورکیــاش بەمە خۆشــحاڵە، پەیوەندییەکی سروشتی هەیە لە نێوان خەڵکی هەردووولادا و دەبێت پاڵپشتی ئەم پەیوەندییە بکرێت بە دامەزراندنــی پەیوەندیگەلێکی ڕەسمی لە نێوان بەرپرسانی هەردوولا و من هیوادارم ئەم هاوکارییــە دەرئەنجامی کۆنکرێتی لێبکەوێتەوە. تورکیا لایەنێکی وەبەرهێنی ســەرەکییە لــە باکووری عێراقدا و شــتێکی گونجاوە ڕەهەندێکی سیاســیش بۆ ئەو پەیوەندییە ئابورییانە زیاد بکرێت کە لە ئارادان.

***ئەوە بەدی دەکرێت تورکیا ئامادەی چارەســەرکردنی کێشەی کوردە لە وڵاتەکەیدا، بۆ نموونە کەناڵێکی تەلەفزیۆنی تایبەت دەکاتەوە بــۆ کوردەکانی ئەو وڵاتە، پرســیارەکە ئەوەیە دەبێت حکومەتی تورکیا چی بکات بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە؟**

- داوکارییەکــی زۆر هەبوو بۆ کردنەوەی کەناڵێکی کوردی و دوای چەند مانگێك لە ئامادەکاری لە مانگی داهاتوودا دەست بە پەخــش دەکات، لە تورکیادا ملیۆنەهــا هاووڵاتی هەن کە ئەســڵیان کوردە، لەبەر ئەوە کردنەوەی کەناڵێکی ئاوها شتێکی سروشــتی و گونجاوە. کێشەی کورد لە تورکیادا لایەنی زۆرە، یەکێك لــەو لایەنانە ئەو توندوتیژییــە کەلەلایەن پەکەکەوە ئەنجام دەدرێت کە دەبێت جیاوازی بکەین لە نێوان ئەم ڕێکخراوە و هاوڵاتییە کوردە ئاشــتیخوازەکانی تورکیادا. لە هەمان کاتدا دەبێت لایەنی کوردیش ئەو راســتییە بزانێت کە کێشــەی کورد لە تورکیادا بە توندوتیژی چارەسەرناکرێت و ئەوانەی لە پێناو هێنانەدی ئامانجە سیاســییەکاندا پەنــا بۆ توندوتیژی دەبەن ســەرکەوتوونابن لەبەر ئەوەی زۆرینەی کــوردی تورکیا ئەوە دەزانن کە تورکیا لە ڕێــگای ئەوەدایە ببێتە ئەندامی یەکێتی ئەوروپــا و ببێتە وڵاتێك کە پتر شــەفافییەت و دیموکراســی تێدابێت و ئەمەش لــە بەرژەوەندی ئەوانە. من پێم وایە تورکیا ئامادە دەبێت ئازادی نەك تەنیا بە کوردەکان بەڵکو بە تیکڕای گرووپە ئیتنییەکان بــدات بۆ ئەوەی پەرە بە کەلتووری خۆیان بدەن.



***بە پێــی هەواڵێکی ڕۆژنامەی حوڕییەت ســەرکردە کوردەکانــی عێــراق و DTP کۆنفرانسێك لە ئەوروپا یان عێراق ڕێکدەخەن دەربارەی چەکداماڵینــی پەکەکە، بە پێی هەواڵەکانی پەکەکە دژی ئەم کۆنفرانســە نابێت و بەشداریشی تێدا ناکات، راوبۆچوونی ئێوە چییە لەم بارەیەوە، دەبێت تورکیا چۆن مامەڵەی لە گەڵدا بکات؟**

- ئێمە کێشــەمان لەگەڵ ســازکردنی ئەم کۆنفرانســەدا نییــە ئەگەر لــە ئەنجامدا ڕاسپاردەی بنیاتنەری لێبکەوێتەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە، نیگەرانی ئێمە ئەوەیە بەکاربهێنرێت بۆ شەرعیەتدان بە پەکەکە کە ڕێکخراوێکی تیرۆریســتییە. ئێمە دەبێت جیاکارییەك بکەین لە نێوان ئەوانەی پەنا بــۆ توندوتیژی دەبەن لەگەڵ ئەوانەی ڕێگا و شێوازی سیاســی دەگرنەبەر. تورکیا وڵاتێکی زیندووە و گفتوگۆ لە ســەر زۆرێك لە مەسەلەکان دەکرێت بە کێشەی کوردیشەوە، بەڵام کێشەی کورد تەنیا پەیوەست نییە بە تورکیاوە بەڵکو بە تەواوی ناوچەکەوە و ئاکامی ئیقلیمش لێدەکەوێتەوە.

*** ماوەیەك لەمەوبەر لە کوردســتاندا زانکۆی ئیشــق کرایەوە و وەزیــری دەرەوەی تورکیــاش نامەیەکی نــارد و لە ڕۆژی کردنەوەی زانکۆکــەدا خوێنرایەوە، هەروەها نیچیرڤان بارزانیش سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئامادەی ئەو ڕیۆڕەسمە بــوو، تەقدیری ئەو نامەیەی کرد، ئێســتا باس لە ســەردانی ســەرۆك کۆماری تورکیا دەکرێت بــۆ هەولێر، ئێوە چی دەڵێن لەم بارەیەوە؟**

- من ســەردانی گویل بۆ هەولێر بە هەواڵێکی خۆش دەزانم و پێشوازی لێدەکەم ئەگەر ئەم ســەردانە ئەنجام بدرێت، هەروەك چۆن پێشــوازیم لە سەردانی ســەرۆك کۆماری تورکیا کرد بۆ ئەرمینیا، عەبدوڵا گول کەسایەتییەکی سیاسی خۆشەویستە لە تورکیا و ســەردانی بۆ باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا لە دوای هەڵبژاردنی بە ســەرۆك کۆمار نیشانەی ئەوەیە کە کوردەکانی ئەو وڵاتە ڕێزی دەگرن، کەواتە ئەگەر ســەردانی هەولێر بکات ئەوا ئەمە دەبێتە هەنگاوێکی ئیجابی و بنیاتنەر، چونکە هەروەك پێشــتر ئاماژەم پێکرد ئێمە دراوسێین و پەرەپێدانی پەیوەندی و دانوستاندنی سیاسی لە نێوانماندا شتێکی سروشتییە.

*** بە پێی هەواڵێکی (CNN Turk) هەولێك لە ئارادایە بۆ چەکداماڵینی پەکەکە، ئەگەر پەکەکە چەکی دانا ئایا تورکیا ئامادەیە کێشەی پەکەکە لەگەڵ کێشەی کورددا تێکەڵاو نەکات؟**

- کێشەکە ئەوەیە هەندێ لە ئەندامانی پەکەکە کاری تووندوتیژانەیان ئەنجام نەداوە و لە شوێنێکی شاخە سنورییەکاندان و دەبێت میکانیزمێك بدۆزرێتەوە بۆ ئاویتەکردنەوەیان، من دڵنیام بەرپرسانی بەغدا و تورکیا و هەولێر هەوڵی دۆزینەوەی ئەم میکانیزمە دەدەن، بەڵام ئەمە ئەرکێکی ئاسان نییە لەبەر ئەوەی چەند ئەندامێکی دیکە هەن کە کاری تووندوتیژانەییان لە دژی هاوولاتییان و سەربازانی تورکیا ئەنجام داوە، لەبەر ئەوە دەبێت لەم رووەوە وریابین و بۆ ئەم کارەش پێویستمان بە یارمەتی دۆستەکانمان هەیە لە بەغدا و هەولێر.

***ئایا چارەسەرکردنی ئەم کێشانە کاریگەری باشی نابێت لەسەر پەیوەندییە ئابوورییەکانی هەردوولا؟**

- بە دڵنیاییەوە ئەگەر ئەم کێشانە چارەسەربکرێت ئەوا پەیوەندییە ئابوورییەکان زیاتر گەشەدەکەن و وەبەرهێنانێکی زیاتر دەکرێت لە باکووری عێراقدا و ئێمەش لەگەڵ ئەوەداین کە باکووری عێراق گەشەکردوویێت، بەڵام دەبێت ئەم کێشە ئەمنیە چارەسەربکرێت لەبەر ئەوەی لە حاڵەتی بوونی کێشەی ئەمنیدا ناکرێت وەبەرهێنانی دەرەکی بکرێت، واتە ئەمە ئەولەویەتی یەکەمە.

*** ئایا هەرێمی کوردستان دەتوانێت چ سودێك لە ئەزموونی تورکیا وەربگرێت و بە پێچەوانەشەوە؟**

- هەرێمی کوردستان لە سەردەمی عوسمانییەکان و تەنانەت پێش ئەوە سەردەمەشدا ناوچەییەکی گەشەکردوو بوو و دەبێت هەوڵبدەین جارێکی دیکە ئەم واقیعە بگەڕێنینەوە. لە چەند بوارێکی جیاوازدا کوردەکان دەتوانن سوود لە تورکیا ببینن، لە رووی ئەزموونی ئابووری و وەبەرهێنانی تورکیادا لەو ناوچەیەدا، هەروەها کوردەکان و عێراقییەکان بە گشتی دەتوانن نەوت و گازی سروشتی لە رێی تورکیاوە رەوانەی بازاڕە جیهانییەکان بکەن، بە هەمان شێوە دەتوانن سوود لە ئەزموونی ئەوو دیموکراسییە فرەحزبییەی تورکیا وەربگرن کە لە ئارادایە، بەڵام دەبێت سەرەتا رەوشی ئەمنی چارەسەربکرێت و سەقامگیربکرێت.

***ئایا تورکیا تا رادەیەك ئامادەی هاوکاریکردنی ئەم هەرێمەیە؟**

- تورکیا هیچ کێشەیەکی نییە لە یارمەتیدانی ئەم ناوچەیەدا بۆ نموونە کەرتی تایبەتی تورکیا وەبەرهێنانێکی زۆریان کردووە لەو ناوچەیەدا، بەڵام پێویستە سیستەمی بانکی هەرێمی کوردستان پەرەی پێ بدرێت لەبەرئەوەی بە باشی ئاوێتەی سیستەمە جیهانییەکان نەبووە، ئەمەش بۆ ئەوەی کۆمپانیا تورکییەکان بتوانن پارە لە دەرەوە بهێنن و هەروەها رەوانەی دەرەوەی بکەن. کەواتە لە سەر ئاستی سیاسی و ئابووری ئامادەی هەیە بۆ یارمەتیدان و هاوکاری کردن و من پێم وایە ئەگەر کێشەی پەکەکە چارەسەرکرا ئەوا دەرفەتگەلێکی زۆر دەخوڵقێت لەم رووەوە.

***لە ماوەی چەند هەفتەی داهاتوودا باراك ئۆباما دەسەڵات دەگرێتەدەست، ئایا پێشبینیەکان چییە بۆ بەرەوپێشبردنی پەیوەندییەکانی ئەنقەرە و واشنتۆن، هەروەها پەیوەندییەکانی نێوان ئەنقەرە و هەولێر ؟**

- پەیوەندییەکانی نێوان ئەنقەرە و هەولێر رەهەندێکی گرنگییان هەیە بۆ واشنتۆن و من هیوادارم ئۆباما لە نزیکەوە لەگەڵ دەسەڵاتدارانی بەغدا و هەولێر و ئەنقەرەدا کاربکات. هەروەها لەبەر ئەوەی ئۆباما کەسێکە پشتگیری لە ئەنجامدانی گفتوگۆ و دانوستاندن دەکات و رێگاچارەی سەربازی رەت دەکاتەوە ئەوا هۆکاری ئەوە لە ئارادایە کە گەشبین بین لەم رووەوە.

***دوا وتەت چیە بۆ گۆڤارەکەمان؟**

- بوون بە سەرکردە پێویستی بە بوێرییەکی زۆر هەیە و ئێمە لە یەك ناوچەدا دەژین و لە زۆر لایەنی کولتووری و کۆمەڵایەتییەوە هاوبەشین و با ئەمەش لەلایەنی سیاسییدا رەنگ بداتەوە.





●●●
**من سەردانی گوێل بۆ هەولێر بە هەواڵێکی خۆش دەزانم و پێشوازی لێدەکەم ئەگەر ئەم سەردانە ئەنجام بدرێت، هەروەک چۆن پێشوازیم لە سەردانی سەرۆک کۆماری تورکیا بۆ ئەرمینیا کرد**
●●●

●●●
**هەرێمی کوردستان لە سەردەمی عوسمانییەکان و تەنانەت پێش ئەوە سەردەمەشدا ناوچەییەکی گەشەکردوو بوو و دەبێت هەوڵبدەین جارێکی دیکە ئەم واقیعە بگەڕێنینەوە**
●●●

●●●
**پێویستە سیستەمی بانکی هەرێمی کوردستان پەرەی پێ بدرێت لەبەرئەوەی بە باشی ئاوێتەی سیستەمە جیهانییەکان نەبووە، ئەمەش بۆ ئەوەی کۆمپانیا تورکییەکان بتوانن پارە لە دەرەوە بهێنن و هەروەها رەوانەی دەرەوەی بکەن**
●●●

### ئیبراهیم بینجی پەرلەمانتاری DTP بۆ گوڵان:

# ئێمە وەک کورد داواکاریمان ئەوەیە کولتوور و ناسنامەمان لە دەستورێکی دیمۆکراتیدا لە تورکیا ببینین

**ئیبراهیم بینجی نوێنەری شاری ئورفەیە لە پەرلەمانی تورکیا و یەکێکە لە ئەندامانی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتیك (DTP)، بینجی لە هەڵبژاردنەکانی رابردوو لە شاری ئورفا دەنگی پێدراوە و ئێستاش هەموو هەوڵەکانی بۆ ئەوەیە بەرێگەی ئاشتییانە کێشەی کورد لە تورکیا چارەسەر بکرێت، سەبارەت بە دوا پێشهاتەکانی ئەم دوایە و سەردانی شاندی دەتەپە بۆ هەرێمی کوردستان و هەوڵەکانی حکومەتی تورکیا بۆ چاسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد بەڕێزی بەم جۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

***بەڕای تۆ ئەگەر وڵاتێك نکۆڵی لە بوونی نەتەوەکانی دیکە بکات چۆن دەتوانێت ببێتە ئەندام لە یەکێتی ئەوروپا؟**

- بەڵێ ئەوەی ئێوە دەیڵێن راستە، لەڕاستیدا لەم هەلومەرجەی ئێستادا ناو بە ناو لە کۆبوونەوەی پارتە سیاسییەکاندا ئەم کێشەیە بۆ میدیاکان ئاشکرا دەکرێن و لە کاتی کۆبونەوەکاندا مشتومڕیان لەبارەوە دەکرێت، چونکە پێش هەموو شتێك تورکیا وڵاتێکی مۆزایکە نزیکەی زیاتر لە ٢٠ ملیۆن کوردی تێدا هەیە، کە نکۆڵی لە بوون و زمان و کلتووریان دەکرێت، لەبەر ئەوە پێویستە پێش هەموو شتێك حکومەتی تورکیا دیموکراتی لە ناوخۆی وڵاتدا بچەسپێنێت، مافەکانی مرۆڤ دابین بکات، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا تورکیا نزیك دەکاتەوە لە جێبەجێکردنی پێوەرەکانی بوونە ئەندام لە یەکێتی ئەوروپا یان بە لای کەمەوە مەسەلەی بوونە ئەندامی تورکیا لە یەکێتی ئەوروپا دەکەوێتە بەرباس. بەڵام زۆر بە داخەوە لە وڵاتی ئێمە چەندین ساڵە کێشەی کورد لەسەرووی هەموو شتێکەوەیە بەبێ ئەوەی هیچ نییەتێکی چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە لە ئارادا بێت، بەڵکو زۆربەی جار هەوڵەکان بەرە و بەرتەسکبوونەوە چووە و لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات هەوڵی بەکارهێنانی چەکیان داوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە، کە ئەمەش هەرگیز هەوڵێکی دیموکراتی نییە.

**● لێرەدا داواکاری ئێوە سەبارەت بە چارەسەری ئەم کێشەیە چییە؟**

- ئێمە سەرەڕای ئەو هەموو گوشار و توندوتیژییە بەڵام بە سەربەخۆیی چووینە ناو هەڵبژاردنەکان و سەرەڕای ئەو هەموو هەوڵانەی بۆ ئەوەی نەتوانین دەنگی خۆمان بگەیەنینە خەڵك و ئەو هەموو کۆسپ و تەگەرانەی خستییانە بەردەممان و لەگەڵ ئەوەی هیچ یارمەتییەکی سیاسی و ئابووری نەدراین، توانیمان بگەینە پەرلەمان، لە پەرلەمانیش یەکەم روونکردنەوەمان ئەوەبوو کە ئێمە هاتووین کۆتایی بە پرۆسەی توانەوە و نکۆڵیکردن لە گەلی کورد بهێنین، لە پەرلەمانیشدا هەوڵی دۆزینەوەی چارەسەرکردنی کێشەی کوردماندا، داوای دەستپێکردنی پرۆسەی گفتوگۆ و دانوستاندمان کرد، بەڵام تا ئەمڕۆش سەرۆکی AKP کە سەرۆك وەزیرانی تورکیایە نە هەوڵی بەرەو پێشبردنی دیالۆگی داوە نە لەگەڵ ئێمەش کەوتۆتە ئاخاوتن. لێرەدا پێیان دەڵێن چەندین ساڵە ئینکاری لە کورد دەکەن، ئینکاری لە کولتووری کوردی دەکەن، پشتگوێیان دەخەن، دەیانچەوسێننەوە، ٣-٥ هەزار گوند وێران دەکەن. دوای ئەمانە دێن دەڵێن کەناڵێك بە ناوی TRTشەش بۆ کوردەکان دەکەینەوەو و رای دەگەیەنن کورد خەڵکی ئێمەن، ئەگەر وایە بۆچی ئینکاری لێ دەکەن؟ ئێمە داواکاریمان ئەوەیە دەمانەوێت کولتوور و ناسنامەمان لە دەستورێکی دیمۆکراتیدا ببینین و پێش هەمووشتێك دەمانەوێت داواکارییەکانمان لە دەستووردا بوونی هەبێت. واتە پێویستە سەرەتا متمانەی خەڵك بەدەست بهێنین دوای ئەوە کەناڵی تەلەفزیۆنی و بەشی کوردۆلۆژی بکەیتەوە، پەروەردە و خوێندنییان بە زمانی دایك بۆ ئامادە بکەیت، ئۆپەراسیۆنەکانی ناوخۆ و دەرەوە رادەگرێت، هەموو جۆرە نایەکسانییەك کۆتایی پێدێنن، بەڵام ئێمە قبوڵ ناکەین خەڵکەکە هەڵبخەڵێنێت، لەبەرامبەر ئەمانەدا رۆژێك PKKش چەك دادەنێت و PKKش دەربارەی ئەمە، روونکردنەوەی داوە و دوای ئەمانەش دیالۆگ بەردەوام دەبێت و ئەو ئینکارییەی چەندین ساڵە لەسەر کورد کراوە کۆتای پێ بهێنرێت.



*** ئایا بەڕای ئێوە چارەسەرکردنی کێشەی کورد تا چەند تورکیا لە بوونە ئەندام بە یەکێتی ئەوروپا نزیکتر دەکاتەوە؟**

-لێرەدا دەڵێم نەك تورکیا کە دەوڵەتە، ئەگەر لە ناو خێزانێکیش ناتەبایی هەبێت و چارەسەری ئاشتییانەی بۆ نەدۆزرێتەوە بێگومان چانسی ئەوە نابێت قسە لەگەڵ خێزانێکی تریش بکرێت، من دەڵێم کێشەی کورد لەسەروی هەموویانەوەیە کێشەی کورد لە تورکیا زیاتر پێویستی بە گرتنەبەری شێوازی دیمۆکراتی هەیە، چارەسەرکردنی کێشەی کوردیش دەبێتەهۆی چارەسەرکردنی چەندین کێشەی ئابووری، تورکیا دوای ٢٥ ساڵ ناکۆکی لەم کێشەیەدا ٤٠٠ملیاردۆلار پارەی لەدەست چووە، کە ئەمەش مەسەلەیەکی گەورەیە و لەگەڵ ئەمەش کێشەی مافی مرۆڤ تا ئێستاش بەربەستە لەبەردەم بوونە ئەندامییەتی تورکیا لە یەکێتی ئەوروپا، ئەمە تەنیا نەبەستراوەتەوە بە کوردەکان، راستە لە جیهاندا قەیرانێك لە ئارادایە بەڵام لە تورکیا کارگەکان یەك یەك دادەخرێن، لە ئیستانبۆل، ئەنقەرە، ئیزمیر هەروەها ئەنتاڵیا خەڵك لەسەر جاددەکان دەبینین و مافی خەڵك زۆر دەخورێت، زیندانییەکان گوشارێکیان زۆریان لەسەرە، ئەمانە بۆ؟ هەمووی لەبەر کێشەی ئابووری و سیاسی، بەڵام ئەگەر کێشەی کورد چارەسەربکرێت و ئەو پارەیەی بۆ ئینکارکردن وسوکایەتیپێکردنی کورد و دروستکردنی گوشار لەسەریان بەکاردێت ئەگەر لەلایەنەکانی تر بە شێوەکی دروست بەکاربێت ئابوورییەکی تەندروست و گەشەکرد و لە تورکیا دێنێتە ئاراوە، بۆیە بەڕای من پێش هەموو شتێك پێویستە تورکیا کێشەی کورد بە شێوەیەکی دیمۆکراتییانە چارەسەر بکات.

***لەم دواییەدا شاندێکی DTP بەسەرۆکایەتی ئەحمەد تورك سەردانی هەرێمی کوردستانیان کرد و لەگەڵ بەڕێزان سەرۆك بارزانی و تاڵەبانی کۆبوونەوە، بەڕای ئێوە ئامانجی سەرەکی ئەم سەردانە چی بوو؟**

- ئێمە هەقی برایەتیمان لەسەر یەکترە جا چ لە ئێران، لە سوریا، یا لە عێراق بێت، چونکە لە مێژووی ئێمەدا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەمیشە بە هاوڵاتی ژمارە دوو لەقەڵەمدراوین، هەمیشە هەستی ئێمە بریندار دەکرێت، بۆیە ئێمە پیرۆزبایی لە بەڕێزان بارزانی و تاڵەبانی دەکەین لەم بارەیەوە، ئێمەش چەندین ساڵە بەو حەسرەتەوەیین، لەگەڵ بەڕێز بارزانی و بەڕێز تاڵەبانی چەندین خاڵی هاوبەشمان هەیە، لەم دواییەدا بەڕێز ئەحمەد تورك نوێنەری خەڵکی ئێمە بووە و لە هەوڵی دۆزینەوەی چارەسەری ئاشتیانەی و دوور لە توندوتیژیدا بووە بۆ کێشەی کورد، ئەم چاوپێکەوتنەش بە نیسبەت ئێمەوە تا دوا ڕادە بۆ خەڵکی ئێمە گرنگ بووە، هەروەها بۆ کوردستانی عێراق و کوردستانی تورکیا زۆر گرنگ بوو. نامانەوێت دووبارە ئەو ناخۆشییانە بچێژینەوە و نامانەوێت هیچی تر لە خەیاڵدا بژین، بۆیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کوردەکان کە خاوەنی یەك قسە بوون زۆر خۆشحاڵ بووم، و زۆر بە توندی پشتگیری لە کۆنفرانسی کورد دەکەین کە بەم زووانە سازدەکرێت، کە ئەمەش دەبێتەهۆی ناساندنی جوگرافییای کوردی لەم ناوچەیەدا بە رای گشتی جیهان، ئەگەر کۆنفرانسەکە بە شێوەیەکی دروست بەڕێوە بچێت، دەزانم و ئومێدەوارم لە ماوەیەکی نزیکی داهاتوودا بە روونی و سەربەستی بە ناسنامە و زمانی خۆمان قسە دەکەین و خۆمان بەڕێوەدەبەین. ئێمە گوناحمان نییە، فەرموو ئێستا لەگەڵ جەنابت ئێمە بە تورکی قسە دەکەین، من تا تەمەنی حەوت ساڵی یەك ووشە تورکیم نەدەزانی، زمانی دایکم کوردییە، دوای تەمەنی حەوت ساڵی وەك فێربوونی ئینگلیزی و عەرەبی فێری تورکی بووم و بە تورکی خوێندوومە، یانی لێرەدا گوناهی من چییە؟ خوای گەورە منی وەك کورد خولقاندووە، لە ڕاستیدا سیستەمێك هەبووە و هەیە بۆ مەحرومکردنی من، ئێمە لێرەدا ئامانجی سەرەکیمان لابردن و نەهێشتنی ئەو سیستەمەیە و ڕێگاچارەش دیالۆگی نێوانمانە چ لەگەڵ بارزانی یان تاڵەبانی یان کوردەکانی سووریا و ئێران پێویستە ئێمە لەم خاڵەدا یەك بین، ئیتر جیهان بەرە و بچووکبوونەوە دەڕوات و سەردەمی تەکنەلۆژییایە و هەموو کەس هەموو جیهان زۆر بە ئاسانی دەبینێت، بۆیە زۆر بە گەرمی پیرۆزبایی لە کۆنفرانسی چاوەڕوانکراومان دەکەم.

**ئێستا هەوڵی چەکدامالینی PKKە هەیە، ئایا بەڕای ئەگەر PKKچەك دابنێت ڕای گشتی تورکیا چۆن سەیری کێشەی کورد لە تورکیا دەکەن؟**

- لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٩٠-٢٠٠٥ چەندین جار داوا لە PKK کراوە بۆ دانانی چەك، دوای ئەمە دیسان توندوتیژی سەری هەڵدایەوە و دووبارە چەندین قوربانی دراوە و تورکیا بە هیچ شێوەیەك سوودمەند نەبووە لەم ماوەیەدا، لەگەڵ ئەمەشدا چەك دانانی PKK لەم کێشەیەدا تاکە چارەسەر نییە، پێویستە پێشەکی لەلایەن حکومەتی تورکیاوە دەسپێشخەری دیموکراتییانە بکرێت، وەك بڵێت ئەگەر PKK چەك دابنێت ئێمەش بە شێوەیەکی دیموکراتی کێشەی کورد چارەسەر دەکەین و ئۆپەراسیۆنەکان رادەگرێت، و لە ناوچەکەش کۆنگرەی دیموکراتی ئەنجامبدرێت و گوێ لە داواکارییەکانییان بگیرێت و کۆبونەوەی پارتەکان لە ئارادا بێت بێ ئەوەی دووچاری فشار ببنەوە، بە تایبەتی لە میدیاکان دەخوێنینەوە و گوێبیستی بۆردومانکردنی ناوچەی قەندیل و گوندەکان دەبین، کە زیان بە ئاژەڵەکان دەگەیەنێت و دەبێتەهۆی سوتاندنی قوتابخانەکان و نەخۆشخانەکان، کە ئەمانەش بۆ چەك دانانی PKK شتێکی بێ مانایە و بێگومان کاریگەری زۆری لەسەر تورکیا هەیە. لێرەدا لەو باوەڕەدام لەگەڵ یەکەم هەنگاوی تورکیا PKKەش بیر لە چەکدانان دەکاتەوە و ئومێدەوارم لە ڕۆژێکی وەك ئەمڕۆدا چەك نابێتەهۆی چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە چونکە بە دیالۆگ و ئاخاوتن لە نێوان هەردوولادا ئەم کێشانە چارەسەر دەکرێت، ئایا تا ئێستا چەك و توندوتیژی چ دەستکەوتێکی بەدەستهێناوە؟ بە چ شێوەیەك باسی هیتلەر، سەددام، نازی دەکرێت؟ بەڵام شێوەیەکی جوان یادەوەری هەزارەها سەرکردە دەکرێت کە ئاشتییان هێناوەتە ئاراوە و، ئومێدەوار و خوازیارم بەڕێز بارزانی و بەڕێز تاڵەبانی هەروەها بەڕێز سەرۆکی تورکیا و بەڕێز ئۆردۆگانیش بیر لە هێنانەدی ئاشتی بکەنەوە، چونکە شەڕ ترسناکە، شەڕ تاریکی کاولکارییە، بۆیە لەو باوەڕەدام دوارۆژێکی ئاشتی لەبەردەمماندایە.

***بەڕای ئێوە بەرەوپێشچوونی پەیوەندییەکانی نێوان ئەنقەرە و هەولێر تا چەند لە بەرژەوەندی چارەسەری کێشەی کوردە لە تورکیا؟**

- کێشەی کورد لە تورکیا کێشەی ناوخۆی کۆماری تورکیایە، بێگومان هەوڵی دەرەکی پاڵپشتی سەرەکی چارەسەری ئەم کێشەیەیە، هەولێر دەتوانێت پشتگیری بکات، بەغدا دەتوانێت هاریکار بێت، بەڵام ئەمە کێشەی حکومەتی تورکیایە، هەروەها کێشەی نوێنەرانی کوردی تورکیایە، ئەگەر بەڕاستی حکومەتی تورکیا پرۆژەییەکی هەبێت بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە ئەوا پێویستە یەکسەر DTP ئاگادار بکاتەوە و لەگەڵ ئەوان تاوتوێی بکات،

**• بەڕای ئێوە ئەگەر AKP هەنگاو بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کوردی تورکیا هەڵنەگرێت، لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکان تا چەند کوردەکان دەنگی پێ دەدەن؟**

- لە هەڵبژاردنی ٢٢ی تەمموز من لە ئورفا بووم و شانسی بینینی زۆر لە بەشداربووانی هەڵبژاردنەکەم هەبوو، سەرۆکی پارێزگا بووم بۆ ماوەیەك، تێڕوانینی خەڵك باش بو خەڵکیش هەمیشە دەیانپرسی "جەنابی سەرۆکی AKP دەڵێت من کێشەی کورد چارەسەر دەکەم و پەنا بۆ هێزی سەربازی نابەم، ئەگەر ئێوە دەنگی زیاترم پێ بدەن و دووبارە هەڵبژێردرێمەوە کێشەی کورد چارەسەر دەکەم" بەڵام لە ڕۆژی هەڵبژاردنەوە تاوەکو ئێستا تاکە ووشەیەك سەبارەت بە کێشەی کوردیان نەدرکاندووە و بە شێوەیەکی چەواشەکارانە خەڵکیان ڕاکێشا بۆخۆیان، دواتر هاتنە سەر دەسەڵات و لە هەمانکاتدا لە مانگی ١٠ پرۆسەی سەربازی هێنایە ئاراوە لەو شوێنەی کە وتوویان ئێمە کێشەی کورد چارەسەر دەکەین و ڕاستگۆ نەبوون لەگەڵ میللەتی کورد، بۆیە ئێستا AKP لە هەرێمی کوردان شانسی زۆر نەماوە، هەروەها باسیان لە مەسەلەی دیکەکرد، گوتیان ئێمە حزبێکین باوەڕمان بە خوا هەیە و موسڵمانین و شوکر بۆ خوا هەموومان لەم هەرێمەدا هەر موسڵمانین و لەم خاڵەشدا هەر یەکدەگرینەوە و دەگەینە ئەنجام. بەڵام هەر دوای هاتنە سەر دەسەڵات دەستییان دایە توندوتیژی و دووبارە دژی پەکەکە وەستانەوە و دووبارە جەنازەی سەربازەکان دەهاتنەوە، و گوندەکانییان کاول کرد و دەستگیرکردنی خەڵکی هەر درێژەی کێشا، واتا قسەی پێش هەڵبژاردن و دوای هەڵبژاردن یەکیان نەدەگرتەوە. بۆیە لەم هەرێمەدا AKP شانسی زۆر کەمە بەڵام ئێستا هەموو ئیمکاناتێکی لەبەردەستە و لەم دووایە دەڵێن پێشبڕکێ بۆ ئاشتی دەکەین، بەڵام چۆن ئاشتییەك، AKP هەموو ئیمکانییەتەکانی دەوڵەت بەکاردێنێت، بەهەموو شێوەیەك هەموو پارتەکان کار بۆ AKP دەکەن، بە هەموو شێوەیەك هەموو لایەنێکی کۆنترۆڵکردووە، بۆیە لێرەدا کوا پێشبڕکێ بۆ ئاشتی ئاوایە. بە ترلیۆن پارەی لە خەزێنەکان بەکارهێناوە، بۆیە لە کۆتاییدا دەڵێم ئێمە بێگومان هەموو ئەمانە لەگەڵ خەڵکی خۆمان باس دەکەین و بۆ میللەتەکەمانی دەخەینە ڕوو و ڕاستییەکان ناشارینەوە، و هەروەها زۆر سڵا و ڕێز بۆ براکانمان و هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین.

●●●
**پێش هەمووشتێک دەمانەوێت داواکارییەکانمان لە دەستووردا بوونی هەبێت. واتە پێویستە سەرەتا متمانەی خەڵک بەدەست بهێنین دوای ئەوە کەناڵی تەلەفزیۆنی و بەشی کوردۆلۆژی بکرێتەوە**
●●●

●●●
**چارەسەرکردنی کێشەی کوردیش دەبێتەهۆی چارەسەرکردنی چەندین کێشەی ئابووری، تورکیا دوای ٢٥ ساڵ ناکۆکی لەم کێشەیەدا ٤٠٠ ملیاردۆلار پارەی لەدەست چووە**
●●●

●●●
**- لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٩٠-٢٠٠٥ چەندین جار داوا لە PKKکراوە بۆ دانانی چەک، دوای ئەمە دیسان توندوتیژی سەری هەڵدایەوە چەکدانانی PKK لەم کێشەیەدا تاکە چارەسەر نییە، پێویستە پێشەکی لەلایەن حکومەتی تورکیاوە دەسپێشخەری دیموکراتییانە بکرێت**
●●●

●●●
**ئێستا AKP لە هەرێمی کوردان شانسی زۆر نەماوە**
●●●

### پارێزەر سەهناز تۆران ئەندامی بۆردی EUTCCبۆ گوڵان:

# هەتا تورکیا لە دەستوورەکەیدا کورد وەک هاووڵاتی تورکیا نەناسێت ناتوانێت بڵێت دیموکراتیم

**خاتوو سەهناز تۆران پارێزەر وچالاکگەری پاراستنی مافەکانی مرۆڤە لە تورکیایە و ئەندامی بۆردی لیژنەی مەدەنی تورکیا و یەکێتی ئەورپایە EUTCC،سەرۆکی سەنتەری (TOHAV)یە بۆ دیراساتی کۆمەڵایەتی و یاسایی بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لە ئیستەنبوڵ، خاتوو سەهناز تۆران لەسەر کێشەی کورد شارەزایە لەبەرئەوەی وەك چالاکگەرێکی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و ئەندامی ئەمنستی ئەنتەر ناشیونالٌ لەساڵی ١٩٨٨ لە دیاریەکرەوە دەستی بە کارەکانی کردووە و سەبارەت بە هەڵوێستی یەکێتی ئەورپا و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان لەسەر چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد لە تورکیا بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان خستە ڕوو.**

***ئێوە وەك ئەندامی بۆردی EUTCC چاودێری بەرەوپێشچوونی کێشەی کوردی تورکیا دەکەن لە یەکێتی ئەورپا، ئایا حاڵی حازر ئەو کێشەیە چۆن دەبینن؟**

- تورکیا پاڵێوراوە بۆ ئەندامێتی یەکێتی ئەوروپا و لەم پێناوەدا هەڵساوە بە دەستپێکردنی پرۆسەی باشترکردنی مافەکانی مرۆڤ و دیموکراسی، بۆ نموونە چەندین چاکسازی ئەنجامدراون، چەندین یاسا گۆڕدراون، بەڵام ئەو چاکسازی و گۆڕانکارییانە بەس نین، ئەوەی پەیوەندی بە کێشەی کوردەوە هەبێت ئەوا گفتوگۆ لە سەر سیاسەتێکی گشتگیر یان یاسایەکی گشتگیر نەکراوە کە چارەسەرێکی سیاسییانە و ئاشتییانەی لێبکەوێتەوە بۆ ئەم کێشەیە، بەو پێیە لە تێڕوانینی مندا حکومەتی تورکیا سیاسەتێکی گشتگیری نییە لە ئاست ئەم کێشەیەدا، کەواتە هێشتا بارودۆخەکە بە تەواوەتی نەگۆڕاوە.

***دەستووری تورکیا تەنیا ئەو کەسانە بە هاوڵاتی وڵاتەکە دادەنێت کە لە ڕووی ئیتنیەوە تورکن، چۆن چاوەڕوان دەکرێت وڵاتێك خاوەنی ئەم دەستوورە بێت و ببێتە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا؟**

- ناکرێت باس لە دیموکراتی بکەین و خاوەنی دەستوورێکی لەم چەشنە بین، دەستووری تورکیا بەرهەمی کودەتای سەربازییە و تەنیا دان بە بوونی ئیتنێکی دیاری کراودا دەنێت و بوونی گروپە ئیتنییەکانی دیکە ڕەت دەکاتەوە. بۆ ئەوەی تورکیا ببێتە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا دەبێت ئەم دەستوورە بگۆڕدرێت، بەڵام پێناچێت حکومەتی ئێستای تورکیا هیچ ئەجێندایەکی لەبەردەستدا بێت بۆ هەموارکردن و گۆڕینی ئەم دەستوورە.

***باس لەوەدەکریت بە هاوکاری بارزانی و تاڵەبانی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی کۆنفرانسێك لە ئەوروپا سازبکات بۆ چارەسەرکردنی ئاشتییانەی کێشەی کورد، ڕاوبۆچونی ئێوە چییە لەم ڕووەوە، ئایا ڕێکخراوەکەی ئێوە پێشوازی لەم هەوڵێکی لەم چەشنە دەکات؟**

- بە دڵنیاییەوە ڕێکخراوەکەی ئێمە پێشوازیەکی گەرمی لێدەکات و لە ڕاستیشدا ئێمە کارمان بۆ ئەوە کردووە کە هاوکاربین لەوەی ڕاوبۆچونی سیاسی و ڕۆشنبیرە کوردەکان بگەیەنینە ڕێکخراوەکانی یەکێتی ئەوروپا.

***کوردەکانی عێراق یارمەتی حکومەتی تورکیا دەدەن بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ئاشتییانە کێشەی کورد چارەسەر بکات و لە هەوڵی چەکداماڵینی پەکەکەدان، ئایا هەڵوێستی ڕێکخراوەکەی ئێوە چی دەبێت لە ئاست کێشەی کورددا ئەگەر پەکەکە چەکی دانا؟**

- ئێمە هەمیشە ئەوەمان دووپات کردۆتەوە کە دەبێت چەند هەلومەرجێکی دیاری کراو بخولقێنرێت، پێش ئەوەی پەکەکە دەست لە چەك هەڵبگرێت و ئێمە پشتگیری ئەوەمان کردووە کە ڕێکخراوگەلێکی وەك نەتەوە یەکگرتووەکان، یەکێتی ئەوروپا ببنە ناوبژیوان و هەڵبستن بە هاندانی پەکەکە بۆ ئەوەی چەك دابنێت و فشار بخەنە سەر تورکیا بۆ ئەوەی دەست بەم پرۆسەیە بکات.

***ئایا مەرجە سەرەکییەکانی یەکێتی ئەوروپا چییە بۆ تورکیا بۆ ئەوەی وەك ئەندام لە یەکێتییەکەیدا وەری بگرێت، مەبەستمان مەرجەکانی پەیوەستن بە چارەسەرکردنی کێشەی کوردەوە؟**



- یەکێتی ئەوروپا چەند مەرج و پێوەرێکی بۆ تورکیا داناوە بۆ ئەوەی وەك ئەندامی یەکێتییەکە وەربگیرێت، بۆ نموونە سەپاندنی سەروەری یاسا، ڕێزگرتن لە مافی کەمینەکان، ڕێزگرتن لە مافە کەلتوورییەکان، یەکێتی ئەوروپا چەندین جار ڕەخنەی لە بارودۆخی مافەکانی مرۆڤ گرتووە لە تورکیادا و ئاماژەی بۆ پێشێلکارییەکانی لە بواری ئازادیدا کردووە وەك ئازادی کۆبونەوە و ڕادەربڕین، هەروەها باسی لە بەکارهێنانی ئەشکەنجە کردووە لە تورکیادا. ئەگەر وڵاتێك خوازیاری ئەوەبێت ببێتە ئەندامی ئەم یەکێتیە ئەوا دەبێت ئەم بارودخە بگۆڕێت و بەرەوپێشەوەی ببات و ئەوروپا چەند هەنگاو و ڕێوشوێنێك لە تورکیا داوا دەکات بۆ ئەوەی لەم ڕووەوە بیانگرێتەبەر.

***ئێوە وەك داکۆکیکار و پارێزەری مافەکانی مرۆڤ بارودۆخی باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا چۆن دەبینن و دەبێت تورکیا چی بکات بۆ باشترکردنی بارودۆخەکە؟**

- مەسەلەکانی بارودۆخی مافەکانی مرۆڤ پەیوەستن بە کەشە سیاسییەکەوە. بە داخەوە بارودۆخی مافەکانی مرۆڤ لە باشوری ڕۆژهەڵاتی تورکیادا لە ساڵی ٢٠٠٨دا خراپتربووە، ئەگەر تورکیا دەیەوێت ببێتە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا دەبێت ئەم بارودۆخە بگۆڕێت و لەم ڕووەوە هیچ پاساوێکی نییە و نکۆڵێکردن لە مافی دانیشتوانی ئەم ناوچەیە تەنیا کێشەکە دوادەخات و چارەسەری ناکات.

***ئایا تا چە ڕاددەیەك دەستگیرکردنی لەیلا زانا دژی مافەکانی مرۆڤ و دژی چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کوردە؟**

- دەستگیری لەیلا زانا پێشێلکردنی ئازادی ڕادەبڕینە و دژی بڕیارەکانی دادگای مافەکانی مرۆڤی یەکێتی ئەوروپایە و چارەسەرکردنی کێشەی کورد پێویستی بە ڕەخساندنی ئازادی هەیە بە شێوەیەك کەس ڕووبەڕووی تاوانبارکردن و سزادان نەبێتەوە لە ئەنجامی گوزارشتکردن لە بیروڕاکانی.

***تورکیا کێشەی لەگەڵ خەباتی چەکداریدا هەیە، بەڵام لەیلا زانا کەسێکی چەکدار نەبوو؟**

- لە ڕاستیدا ئەم کارە بە هۆی لێکدانەوەی تەعەسوفیانەی یاسای نوێی دژە تیرۆرەوە کرا و کە کەڵك لەم یاسا وەری گیراوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕەخنەگران.

***ئەگەر لە لیژنەی مافی مرۆڤی یەکێتی ئەوروپادا دەرفەتی ئەوەتان هەبێت بەرگری لە کێشەی کورد بکەن پەیامتان بۆ حکومەتی تورکیا چی دەبێت؟**

- پەیامی من ئەوەدەبێت کە چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە بەرژەوەندی تورکیادا دەبێت و دەبێت حکومەتی تورکیا دان بە مافەکانی کوردی ئەو وڵاتەدا بنێت.

### حەسیب قەپلان پەرلەمانتاری توركیا بۆ گوڵان:

# ئامانجمان لە گرێدانی ئەو كۆنفراسە ئەوەیە بە جیهان بڵێین دەمانەوێت كێشەی كورد بە ڕێگەچارەی ئاشتییانە چارەسەربكرێت

**حەسیب قەپلان یەكێكە لە پەرلەمانتارەكانی كوردی توركیا و ئەندامی پارتی دەتەپەیە و پیشەی پارێزەرەو لە ئەستەنبوڵ دادەنیشێت، سەبارەت بە هەوڵەكانی ئەم دواییەی توركیا بۆ چارەسەری ئاشتییانەی كێشەی كورد لە توركیا پەیوەندیمان بە بەڕێزی كردو بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**



**• ئێستا لە توركیادا باس لە ناساندن یان دانپێدانان بە ناسنامەی كورد دەكرێت، ئایا ئەم هەنگاوە تاچەند لەچارەسەری ئاشتییانە نزیكمان دەكاتەوە؟**

- لە ئەنادۆڵ نەتەوەی جیاواز لە رووی كەلتوور، ئایین مەزهەب و زمان هەیە، كە لەناو ئەمانە كورد لە هەموویان زیاترە، هەروەها بێجگە لەوان قیرغز، عەرەب، لاز، بۆسنیك..هتد واتە چەندین نەتەوەی جیا جیا هەن، ئەوەی گرنگە ئێستا پێویستە ئەوەیە سوود لەم جیاوازیانە وەربگیرێت و گرنگیان پێ بدرێت لە ڕێگای میدیاو پەروەردەوە. ئەوەی بەدی دەكرێت ئەوەیە وردە گفتوگۆ لەسەر دەستووری توركیا دەكرێت، پەرلەمانی توركیا كۆبوونەوەی لەسەر كێشەی كورد كردووەو زمانی كوردی بە زمانێكی نەناسراو لەقەڵەم دراوە، لە لایەكی ترەوە TRTلەم رووەوە دەست بە تێستی پەخشی كوردی دەكات، لێرەدا دەبینین جیاوازی زۆر لە هەوڵەكاندا هەیە و بە بەردەوامی چارەسەری كێشەكە بەرەو پێشەوە دەچێت.

*** داواكاری ئێوە چییە لەم بارەیەوە، چۆن دەتوانرێت دەستووری توركیا هەموار بكرێت بكرێت؟**

- لە هەوڵی ئەوەداین دەستووری توركیا بە شێوەیەك هەموار بكرێت كە ڕێز لە نەتەوەكانی تری دانیشتووی توركیا بگرێت، لە دەستووری تازەدا دەڵێت تورك لە توركیا مافی هاونیشتیمانی بوونی هەیە، بەڵام لە راستیدا پێویستە دانیشتووی كۆماری توركیا هەمووی بە هاونیشتیمانی ژمارە یەك حساب بكرێت، كە ئەمەش كەش و هەوایەكی تازە دێنێتە توركیا، ئێمە داواكارین لە هەموو لایەنێكەوە لە دەستووری توركیا ماف بەم نەتەوانە بدرێت لە خوێندن و میدیای ئازاد و هەموو لایەنەكانی دیكە و هەموو نەتەوەكان بە یەك چاو سەیربكات.

*** لەم دوایەدا شاندێكی DTP بەسەركردایەتی ئەحمەد تورك سەردانی هەرێمی كوردستانی عێراقی كرد و لەگەڵ بەڕێزان بارزانی و تاڵەبانی كۆبووەوە، لێرەدا بەڕای ئێوە ئامانجی سەرەكی ئەم سەردانە چی بوو؟**

- ئێمە خوازیاری نەهێشتنی هەموو توندوتیژیەكین لە نێوان هەردوولا و هەوڵدان بۆ وازهێنان لە پەنابردنەبەر چەك لە كێشەی كورد و لە جێی ئەوە هەوڵ بۆ بەرەوپێشبردنی زمانی دیبلۆماتی و دیمۆكراتی و سیاسی وەك ڕێگاچارەیەك بۆ چارەسەری كێشەی كورد دراوە، لەم بارەیەوە هەوڵ دەدەین كۆنفرانسێكی نێودەوڵەتی سەبارەت بە كێشەی كورد ببەستین و رایبگەیەنین لەم مەسەلەیدا ئێمە بە زمانی دیبلۆماتی سیاسی هەڵسوكەوت دەكەین.

*** ئایا ئامانجی سەرەكی ئەم كۆنفرانسە لە كوێدا خۆی دەبینێتەوە؟**

- ئێمە هەروەك لەگەڵ بەڕێز ئەحمەد تورك باسمان كرد پەیامی سەرەكیمان كە دەمانەوێت لە ڕێگای كۆنفرانسێكی ئاوادا ئەوەیە كە كێشەی كورد بە شێوەی دیمۆكراتی و ئاشتییانە چارەسەردەكرێت، بە شێوەیەكی دیمۆكراتی مافی كورد بدرێت، ئەگەر ئەمانەش بكرێت ئامانجی ئێمە دێتەدی.

**• ئێستا هەوڵی چەكداماڵینی PKK لە ئارادایە، ئەگەر PKK چەك دابنێت بەرای ئێوە رای گشتی توركیا چۆن سەیری كێشەی كورد دەكات لە توركیا؟**

- ئێمە دەمانەوێت ئەو خەڵكانە لە ناوەوەو دەرەوەی وڵاتن و دوای پەكەكە كەوتوون و وەك پرۆژەیەك پێویستە هەموویان كۆبكرێنەوەو بگەڕێندرێنەوە خاكی خۆیان لێبوردنێكیان بۆ دەربچێت، نەك هەموویان بە ٣٠ساڵ زیندانی كردن سزابدرێت، كێشەكە بەم شێوەیە چارەسەر ناكرێت، ئێمە لەم بارەیەوە دەڵێین لە وڵاتانی تر ئەم كێشەیە چۆن چارەسەر كراوە داواكارین لە توركیاش هەمان چارەسەری ئاشتییانەی بۆ بكرێت بۆ نموونە لە ئیرلەندا، باشوری ئەفریقیا،.

*** بەڕای ئێوە چارەسەركردنی كێشەی كورد لە توركیا تا چەند توركیا لە بوونە ئەندام لە یەكێتی ئەوروپا نزیكتر دەكاتەوە؟**

- بەڕای من تا كێشەی كورد چارەسەر نەكات مومكین نییە توركیا ببێتە ئەندام لە یەكێتی ئەوروپا.


*** بەڕای جەنابتان گرتنی لەیلا زانا لە لایەن حكومەتی توركیاوە تا چەند دژی مافەكانی مرۆڤەو كاریگەری لەسەر كێشەی كورد چۆنە؟**

- گرتنی لەیلا زانا بە هیچ شێوەیەك قبوڵ نەكراوە و زۆر بە توندی لەسەری نووسراوە لەبەر ئەوەی هیچ وڵاتێكی دیموكراتی ئەمە قبوڵ ناكات، پێویستە لەگەڵ هەنگاونان بۆ چارەسەری كێشەی كورد هەموو سزاكانیش هەڵبگیردرێت.

### سامی کۆهین رۆژنامەنووسی بە ناوبانگی تورکیا بۆ گوڵان:

# بەرپرسانی AKP گەیشتونە قەناعەت کە دەبێت دەرفەت بە کورد بدرێت زمان و کولتووری خۆی بەکاربهێنێت

**سـامی کۆهین بەرەگەز تورك نییە بەڵام نزیکەی ٧٠ سـاڵ لەمەوبەر لە ئیستەنبوڵ لە دایك بووە و ئێستا هاوڵاتییەکی تورکییە و رەگەزنامەی تورکی هەیە، کۆهین چۆن لەسـەر ئاستی تورکیا و تارادەیەك جیهانیش رۆژنامەنووسـێکی دیار و ناسراوە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستانیش بە تایبەتی لە نێو رۆژنامەنووسـان و رۆشـنبیراندا کەسێکی ناسراوە و لە ناو میدیای عەرەبیشدا بەتایبەتی رۆژنامەی حەیاتی لەندەنی زۆربەی نووسـینەکانی دەکرێت بە عەرەبی و لە نێو میدیاکانی تورکیاشـدا لەگەڵ ئەوەی خۆی بە تورکی سـتونێکی رۆژانە بۆ رۆژنامەی میللییەت دەنووسێت بەڵام رۆژنامەکانی زەمان و تورکیش دەیلی نیوزی پێشان و حورییەتی ئێستا بەشێکی زۆری ستوونەکانی جارێکی دیکە بە ئینگلیزی بـڵاو دەکەنـەوە، کۆهین ئینگلیزییەکی بـاش دەزانێت و ئێمە وەك گوڵان بە زمانی ئینگلیزی دیمانەمـان لەگەڵ کردووە و دیمانەی گوڵانیش لەگـەڵ کۆهین یەکەمجار نییە و چەند مانگێك لەمەو پێش جارێکـی دیکە دیمانەمان لەگەڵدا کردووە، لایەنێکی دیکەی تایبەتمەندی کۆهێن وەك رۆژنامەنووسـێکی پرۆفیشـناڵ ئەوەیە واقعییانە دەنووسێت و کە قسەشـی لەگەڵ دەکەیت یان پرسیاری لێدەکەیت واقعییانە و راستگۆیانە وەڵامداتەوە، سـەبارەت بە کێشـەی کورد یان پەیوەندییەکانی نێوان ئەنقەرە و هەولێریش، کۆهین لە نزیکەوە ئاگاداری وردەکارییەکانەو لە نزیکەوە ئاگاداری بڕیارەکانی حکومەتیشە، ئەمەش دەقی ئەو ئەو دیمانەیە کە گوڵان لەگەڵیدا ئەنجامی داوە :**



**• ئێمە وا راهاتووین کە گوێبیسـتی ئەوە بین لـە ئێوە کە پەکەکە ئاسـتەنگێکە بۆ چارەسەرکردنی ئاشتییانەی کێشەی کورد لە تورکیادا، ئێسـتا بـاس لەوەدەکرێت کە پەکەکە ئامادەی چەك داماڵینە، ئایا ئیتر دەبێت دەسەڵاتدارانی تورکیا کێشەی کورد چارەسەر بکەن؟**

- لە راستیدا ئەمە پێویستی بە کردەوە هەیە نەك تەنیا بە قسە، ئێمە دەبێت بزانین نیازی راستەقینە چییە و تەنیا قسە و لێدوان بەس نین، دەبێت بە روونی راشکاوی بزانین ئەو کردەوانە چین.

**• بەڵام شاندی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی بە سەرۆکایەتی ئەحمەد تورك سـەردانی باکووری عێراقیـان کرد و باس لەوە دەکریت بە هاوکاری بارزانی و تاڵەبانی کۆنفرانسێك لە ئەورووپا سـاز بکەن بۆ چارەسـەرکردنی ئاشـتییانەی کێشەی کورد، راوبۆچونی ئێوە چییە لەم رووەوە؟**

- ئەگەر مەبەسـتتان هەڵوێستی رەسمی حکومەتی تورکیایە ئەوا تا ئێسـتا هیچ لێدوانێکی رەسـمی لە لایەن حکومەتەوە لەسەر ئەم مەسـەلەیە نەدراوە، ئەگەر باسی هەڵوێستی پارتە سیاسـییەکانی دیکە بکەین ئەوا هەڵوێستێکی ئیجابیان نییە لە ئاسـت تێڕوانین و چالاکییەکانی ئـەم پارتەدا، من لێرەدا باسـی پارتی داد و گەشـەپێدان و بەڕێـز ئەردۆغان ناکەم، لەبەر ئەوەی ئەردۆغان بە بەردەوامی هێرشـی کردۆتەسـەر پارتـی کۆمەڵگەی دیموکراتـی، بەڵکو پارتە بەرهەڵسـتکارەکانیش هەڵوێستێکی ئیجابیان نییە لە ئاست پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتیدا، وەك پارتی گەلی کۆماری و پارتەکەی باخچەلی کە پارتێکی نەتەوەییە. لەبـەر ئەوە من پێموایە بە حەزەرەوە و بگرە بە گومانەوە لەم دەستپێشـخەرییەی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتـی دەڕوانرێت چ لە لایـەن پارتی حکومڕانـەوە و چ لە لایەن پارتە بەرهەڵستکارەکانەوە.

**• ئایا ئەی هەڵوێستی رای گشتی تورکیا چییە لەم رووەوە؟**

- من پێموایە بە شێوەیەکی گشتی رای گشتی تورکیا لەگەڵ بوونی پەیوەندیگەلێکی باشە لەگەڵ ئیدارەی کوردی لە باکووری عێراق و لەگەڵ دانیشـتووانی کوردی ئەو بەشـەی عێراقدا، ئەمەش بەرەوپێشـچوونە و تەنانەت رۆشـنبیر و ستوننووس و رۆژنامەنووسانیش ئامادەی ئەوەیان تێدایە کە تورکیا پەیوەندی باشـی هەبێت لەگەڵ باکووری عێراقدا، چ حکومەتەکەی بێت یان دانیشـتوانەکەی و ئەوان پێیان وایە لەبەر ئەوەی دراوسێی راسـتەوخۆین ئـەوا ئەمە دەرفەتێکی باشـە بـۆ بنیاتنانی پەیوەندیگەلێکی باش و ئەمەش لە بەرژەوەندی تورکیادایە.

**• تۆ وەك رۆژنامەنووسـێکی دیاری تورکیا و ئاگادار لەسەر ئەم کێشـەیە. ئایا ئـەو هەنگاوە پێویسـتانە چین کە دەبێت حکومەتی تورکیا بیانگرێتەبەر بۆ ئەوەی دانیشتوانی باشووری**

**باشترکردنی هەلومەرجی ئابووری و کۆمەڵایەتی بەس نییە، دەبێت دەرفەت بە دانیشتوانی ناوچە کوردنشینەکان بدرێت بۆ ئەوەی زمان و کولتوور و ئەدەبی خۆیان بەکاربهێنن**

**رۆژهەڵاتی ئەو وڵاتە لە پەکەکە دووربکەنەوە و خۆیان بە هاووڵاتی تورکیا بزانن؟**

- لە ماوەی چەند مانگی رابردودا گفتوگۆیەکی زۆر لەسەر ئەم مەسەلەیە کرا و بەرپرسەکانی حکومەت، بەرپرسەکانی داد و گەشەپێدان ئەوەیان دوپاتکردەوە ئەم ناوچەیە کە دانیشتوانەکەی لە روی ئیتنییەوە کوردن، بۆ چەند دەیەیەکە پشتگوێخراوە و دەبێت هەلومەرجە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکەی ئەو ناوچەیە بە جیددی وەربگیرێت و پلان و پرۆژە و چاکسازی هەبێت بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ژیان تێیدا و خەڵکی ناچارنەبن رووبکەنە بەشەکانی تری وڵاتەکە بۆ ئەوەی کاربکەن. ئەمەش دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی زەمینەی توندوتیژی بە شێوەیەکی بەرچاو، ئەمە هەڵوێستی بەرپرسەکانی حکومەت و تەنانەت پارتە بەرهەڵستکارەکانیشە، هەموو لایەك درك بەوە دەکەن کە دەبێت گۆڕان و چاکسازی ئەنجام بدرێت و بایەخ بەم ناوچەیە بدرێت. لە لایەکی دیکەوە باشترکردنی هەلومەرجی ئابووری و کۆمەڵایەتی بەس نییە، دەبێت دەرفەت بە دانیشتوانی ناوچە کوردنشینەکان بدرێت بۆ ئەوەی زمان و کەلتوور و ئەدەبی خۆیان بەکاربهێنن، راستە ئەوان هاووڵاتی تورکیان و دڵسۆزی وڵاتەکەن بەڵام لە رووی ئیتنییەوە کوردن و دەبێت مومارەسەی ئەم مافەنەش بکەن. کەواتە گۆڕانێك لە هزری زۆرێك لە تورکەکاندا لەم رووەوە روویداوە، ئەمەش شتێکی ئیجابییە، حکومەتیش چەند هەنگاوێکی لەم رووەوە گرتۆتەبەر وەك پەخشکردنی بەرنامە بە زمانی کوردی لە دامەزراوەیەکی حکومییەوە، بەو پێیە دەتوانین بڵێین هەنگاو هەیە بەم ئاراستەیەدا.

*** باس لە هەمواركردنی دەستووری تورکیا دەکرێت بۆ ئەوەی دووبارە و لە رووی یاسایی و سیاسییەوە پێناسەی نەتەوەیی بوون بکرێتەوە، لێکدانەوەی ئێوە چییە لەم رووەوە؟**

- هەمواركردنی دەستوور لە تورکیادا کارێکی ئاسان نییە و پێویستی بە دەنگی زۆرینەی زۆری پەرلەمان هەیە، پێویستی بە دوو لەسەر سێی دەنگەکان هەیە، بە داخەوە چەندین پرۆژەی چاکسازی دیکە رەتکراونەتەوە و پەسەند نەکراون، کەواتە گۆڕینی بڕگەکانی دەستووری تورکیا پرۆسەیەکی زەحمەتە.

*** کوردەکانی باکووری عێراق یارمەتی حکومەتی تورکیا دەدەن بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ئاشتییانە کێشەی کورد چارەسەر بکات و لە هەوڵی چەکداماڵینی پەکەکەدان، ئایا هەڵوێستی حکومەتی تورکیا چییە لەم رووەوە؟**

- گفتوگۆیەکی زۆر دەکرێت لەسەر ئەم مەسەلەیە لە رۆژنامە و دەزگاکانی راگەیاندنی تورکیادا و چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز تاڵەبانیدا کراوە، هەروەها تاریق هاشمی سەردانی تورکیای کردووە و سەرۆك وەزیران نوری مالیکیش بە نیازە سەردانی تورکیا بکات( ئەم دیمانەیە رۆژێك پێش سەردانەکەی مالیکی بۆ تورکیا ئەنجامدراوە —گوڵان-)، مەبەستم ئەوەیە دەبێت ئەم مەسەلەیە زیاتر روون بکرێتەوە و بە شێوەیەکی تێروتەسەلتر تاوتوێ بکرێت، تورکیا لەم قۆناخەدا هەوڵ دەدات لەم هەوڵ و دەستپێشخەرییانە تێبگات، لە رابردوودا هەوڵی لەم چەشنەدراون بەڵام سەرکەوتنیان بەدەست نەهێناوە، رەنگە هەوڵەکانی ئەم جارە سەرکەوتن بەدەست بهێنن لەبەر ئەوەی لە لایەن هەولێر و بەغداوە پشتگیری لێدەکرێت و یارمەتی تورکیا دەدەن بۆ ئەوەی لە دەرەوەی مەسەلەی تیرۆر و توندوتیژی مامەڵە لەگەڵ ئەم مەلەسەیەدا بکات، بەڵام هەروەك ئاماژەم پێکرد دەبێت بە وردی ئەوە بخرێتەڕوو کە چۆن ئەم مەسەلەیە جێبەجێ دەکرێت لەبەر ئەوەی هەروەك دەڵێن شەیتان لە وردەکارییەکاندایە.

*** ئێستا باس لە سەردانی سەرۆك کۆماری تورکیا دەکرێت بۆ بەغدا و دواتر بۆ کەرکوك و ئینجا هەولێر، ئایا کاریگەری ئەمانە چی دەبێت لەسەر بەرەوپێشبردنی هەوڵەکان لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا؟**

- دەکرێت ئەمانە وەك ئاماژەی ئامادەی هەردوولا لێك بدەینەوە بۆ ئاساییکردنەوە و پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی نێوانیان بە تایبەتی من هەست بەم ئامادەییە دەکەم لە ئەنقەرە و ئەستەنبولدا، سەرۆك کۆماری تورکیا بە نیاز بو سەردانی بەغدا و دواتر کەرکوك و هەولێر بکات بەڵام بە داخەوە بە هۆی گرفتی تەندروستییەوە زۆرێك لە بەرنامەی گەشتەکانی بۆ دەرەوە دواخستووە. بەڵام بەرپرسە باڵاکانی عێراق سەردانی تورکیایان کردووە هەروەها بە پێچەوانەشەوە، کەواتە ئەمە پرۆسەیەکە دەستی پێکردووە و لەبەرەوپێشچووندایە، ئەمەش شتێکی نوێیە و ئاماژەی بەرەوپێشچوونە لەم بوارەدا.

*** لە ماوەی چەند هەفتەی داهاتوودا باراك ئۆباما دەسەڵات دەگرێتەدەست، ئایا پێشبینییەکان چییە بۆ بەرەوپێشبردنی پەیوەندییەکانی ئەنقەرە و واشنتۆن؟**

- پێشبینی دەکرێت پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا زیاتر بەرەوپێشەوە ببات، ئەگەرچی پێشتر هیچ لێدوانێکی تایبەتی لەم رووەوە نەداوە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئۆباما کەسێکە خاوەنی بیرۆکەی نوێ و نییەتی باش و ئامادەییە بۆ گۆڕان ئەوا هاوسۆزیەکی زۆر هەیە لە ناو تورکیادا بۆ ئۆباما و تەنانەت ئەگەر خەڵکی تورکیا مافی دەنگدانیان هەبووایە لە هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکانی ئەمەریکادا دەنگیان بۆ ئۆباما دەدا. کەواتە بەو شێوەیە سەیری ئۆباما دەکرێت کە تێڕوانینێکی بنیاتنەرانە و ئیجابی هەیە بۆ ناوچەیەکە و پەرە بە ئاشتی دەدات.

*** لە کاتی سەردانەکەی بارزانیدا بۆ ئەمەریکا ئێوە وتارێکتان بە ناونیشانی " بارزانییەکی جیاواز" نووسی مەبەستتان لەو جیاوازە چی بوو؟**

- مەبەستەکە ئەوەبوو بەلەبەرچاوگرتنی لێدوان و خیتابی بارزانی لە ماوەی دوو ساڵی رابردوودا کە لێدوانگەلێکی سلبی بوون بۆ تورکیا و تەنانەت هەڕەشەیان لە خۆدەگرت دژی تورکیا، ئەوا لە ماوەی چەند مانگی رابردوودا ئەم لێدوان و زمان و گوتارانەی بارزانی بە تەواوەتی گۆڕان و لێدوانگەلێکی ئیجابین و ئاماژەی هاوکاری کردن لە خۆیان دەگرن، مەبەستم لە جیاوازەکە ئەمەبوو. بۆ ئەوەی پرۆسەی پەیوەندی کردن و هاوکاری کردن سەرکەوتوبێت دەبێت هەردوولا ئامادەییان تێدابێت بۆ ئەم پرۆسەیە و من پێموایە ئێستا ئەم کەشە ئیجابیە زاڵ بووە.

●●●

**هەمواركردنی دەستوور لە تورکیادا کارێکی ئاسان نییە و پێویستی بە دەنگی زۆرینەی زۆری پەرلەمان هەیە، پێویستی بە دوو لەسەر سێی دەنگەکان هەیە**

●●●

●●●

**ئەگەر خەڵکی تورکیا مافی دەنگدانیان هەبووایە لە هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکانی ئەمەریکادا دەنگیان بۆ ئۆباما دەدا. کەواتە بەو شێوەیە سەیری ئۆباما دەکرێت کە تێڕوانینێکی بنیاتنەرانە و ئیجابی هەیە بۆ ناوچەیەکە و پەرە بە ئاشتی دەدات**

●●●